زنجیرە کتێبی ناوەندی چاوی کورد ژمارە ( )

# کۆتایی سەربەخۆیی کورد

## ڕووخاندنی میرنشینە کوردییەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا

نوسینی
پرۆفیسۆر سەبری ئەتەش
لە بەشی مێژوو لە زانکۆی مێتۆدیستی باشوور لە تورکیا

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە
محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی
Chawy kurd Center for Political Development

# کۆتایی سەربەخۆیی کورد

## ڕووخاندنی میرنشینە کوردییەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا

پرۆفیسۆر سەبری ئەتەش

بەشی مێژوو لە زانکۆی مێتۆدیستی باشوور لە تورکیا

وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە:

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

WWW.CHAWYKURD.COM

## پێش دەست:

ئەم باسە خوێندنەوەیەکی جیددی و سەرنجراکێشە بۆ مێژووی دوێنێمان، واتە مێژووی لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان لە ئیمپراتورییەتی عوسمانیدا و توێژەر و پرۆفیسۆری مێژوو، سەبری ئەتەش، سەرچاوە ڕەسەنەکانی دەوڵەتی عوسمانیی بۆ پشکنیوە، کە تائێستاش لە ئەرشیفی تورکیادا پارێزراوە و بێشومار زانیاریی تێدا لەسەر مێژووی کورد، وەک گەلێکی بندەستی ئەو ئیمپراتورییەتە.

لەم باسەدا توێژەر بەوردی لەسەر چۆنێتیی لەناوبردنی ئیمارەتەکان دەوەستێ و پاشان تێکەڵکردنی میر و پاشا و بنەماڵە بیرۆکراتە فیوداڵەکانی ئەو ئیمارەتانە بە دەستەبژێری بیرۆکرات و حوکمڕانی عوسمانی لە ئەستەمبوڵی پایتەخت، بەجۆرێک کەوا زۆرێک لەوانە و نەوەکانی دواتریان وڵاتی ڕەسەن و کوردەواریی خۆیان هەر بیردەچێتەوە و دەبنە وەزیر و والی و کاربەدەستی پایەبەرز لە دەرباری عوسمانیدا و لەملاشەوە خەڵکە کوردەکەی خۆیان بە گورگان خواردوو دەچێت بەدەستی عوسمانی. ئەوانە نەوەکانی دواتریان بەتەواوی تێکەڵ بە بیرۆکراتییەتی تورکی عوسمانلی دەبن و چیتر ناچنەوە سەر بنەچەی خۆیان و لە بۆتەی پان تورکیزمدا دەتوێنەوە.

بەڵام ئەوانەی لەم سیاسەتەی عوسمانی بەدەر بوون میر محەمەدی سۆران بوو کە لەکاتی گەڕانەوەیدا لە ئەستەمبوڵەوە بۆ وڵاتی خۆی بە پیلانێکی عوسمانی کوژرا و کەمینەیەکیش لە بنەماڵەی بەدرخان و لەوانە

بەشێکیان کە ئاوارەی وڵاتی شام و ئەوروپا بوون، دواتر ڕۆڵی بەرچاویان لە ژیانی کولتووری و سیاسیی کورددا بینی.

لە ڕووخان و هەڵوەشانەوەی میرنشینەکاندا بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی بنەماڵە حوکمڕانەکان دەبوونە دەسکەلای عوسمانی یان ئێران بۆ لەناوبردنی برا و خزمانی بنەماڵەکانی خۆیان، وەک لە گرتنی سلێمانیدا دەیبینین کاتێ کە عەبدوڵا پاشای بابان دەبێتە داردەستی نەجیب پاشای والیی بەغدای عوسمانی و یاوەریی لەشکرەکەشی دەکات لە هێرش کردندا بۆ سەر ئەحمەد پاشای برای لە سلێمانی و پاش گرتنی پایتەخت و لەناوبردنی ئیمارەتی بابان، شاری سلێمانیی دەکرێتە تەنها سەنجەقێک (واتە قەزایەک) و عەبدوڵا پاشاش دەکرێتە قایمقامێکی بێدەسەڵاتی شار و لە پاش ساڵێک دەیگوێزنەوە بۆ ئەستەمبووڵ و تێکەڵی دەستەبژێری بیرۆکراتی عوسمانیی دەکەن. هەڵبەت لەپاش گرتنی سلێمانی و ڕووخاندنی ئیمارەتی بابان دەسبەجێ ئەحمەد پاشای میر دەبەن بۆ ئەستەمبووڵ و لەوێ پایە و مەقامی بەرزی دەدەنێ و پاش بەینێکیش دەیکەن بە والیی یەمەن و پاشان ئەرزڕووم و دواتر خۆی و دوو کوڕەکەشی لە پلە و پایەی بەرزی دەوڵەتدا دەمێننەوە تا کۆتایی ژیانیان.

بێگومان گرنگ لای ئەوان وێران کردنی ئیمارەتەکان و ملکەچ کردنی خەڵکەکە بوو. "یارە"ی ئەفسەری تۆپچیی بابانیش پاش ئەو کارەسات و ماڵوێرانییە ڕەند و قەڵەندەر لێی دەمێنێتەوە و لە کۆتایی ژیانیشیدا وەسێت دەکات کەوا لەسەر گردەکەی گولان و دوور لە گردەکانی سەیوان بینێژن، با دووربێت لەو کەسانەی لە دواساتەکانی حوکمی باباندا پشتیان تێکرد و

بێئەوەی ئەم گوشتۆپێکیش بهاوێژێت ئەوان خۆیان ڕادەست کرد و ئیمارەتیش وەک بەفر توایەوە. ئێستا "یارە" لەسەر ئەو گردە ڕاکشاوە، ئەگەرچی شوێن گۆڕیشی ونە و کەس نازانێ لەکوێی گردەکەدایە.

جا ئەگەر ڕۆژێک ئێسک و پرووسکەکەی بە ڕزیوییش دۆزرایەوە ئەوە تۆماری ڕۆژگارێکی تاڵ تاڵی مێژوویەکت بۆ دەگێڕێتەوە کە نەوەکانی دواتر هیچ پەندێکیان لێ وەرنەگرت و ئەمڕۆشیان هەر وەک دوێنێیە.

وەرگێڕ.

(١)

سەدەی نۆزدەهەمی دوورودرێژ بە نوقڵانە لێدان و هۆشداریی ئیمپرتۆرییەتی عوسمانی دەستپێکرد و لەگەڵیشیدا ئیمارەتە کوردییەکان.

بێگومان داگیرکردنی کورتخایەنی میسر لەلایەن پۆناپەرت، دۆڕان و شکستی ئیمپراتورییەت لەلایەن ڕووسەکانەوە، بەرپابوونی ڕاپەڕینەکانی سربیا و گریک و شۆڕش و یاخیبوونی جۆراوجۆری ناوخۆیی بە ڕابەری و سەرکردایەتیی پیاوە بەهێزەکانی (*ئەعیانی*) ویلایەتەکان، گیرسانەوەی ئەستەمبووڵ لەسەر ئاڕاستەی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کارگێڕی و سەنترالیزە کردن کە چیتر نەتوانێ لە فۆرمەکانی کارگێڕیی ناڕاستەوخۆ بەردەوام بێت. یەکێک لە درێژترین فۆرمەکانی کارگێڕیی ناڕاستەوخۆ کە هەر مابووەوە و لەڕاستیشدا لەپێش عوسمانییەکانیشەوە میرنشینە کوردییەکان بوو.

لە زۆر لای ئیمپراتۆرییەتەکەیاندا، عوسمانییەکان وەک حکوومەتەکانی ئەوروپا، بۆ نموونە، پشتیان بە سیستەمێکی حوکمی ناڕاستەوخۆ دەبەست کەوا کەسایەتی و جەمسەرە ناوخۆییەکان دانیان بە دەسەڵاتی حوکمڕانەکاندا دەنا. ئەم کەسایەتییە جەمسەرانە "هاوکاریی حکوومەتیان دەکرد بێئەوەی بەرپرس و کاربەدەست بن بە واتایەکی بەهێزی ئەم زاراوەیە، بەڵکوو بە پاڵپشتیی حکوومەت جۆرە هێزێکیان بۆ خۆیان دەستەبەر دەکرد و دەسەڵاتێکی خەملێنراوی بەرفراوانیان پیادە دەکرد لە سنووری ناوچەکانی خۆیاندا" (تیلی، ١٩٨٥: ١٧٠).

سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن و دەزگا و دامەزراوەکانی پێویستیی ئەوەی کەمکردەوە کە پێیدەگوترێت پێکەوەژیان لەگەڵ ناوچەکانی چواردەوری خاوەن دەسەڵاتدا. ئەم پیادەکردنی کۆتاییهێنانە بە ئۆتۆنۆمییە ناوخۆییەکان کە دەوڵەتە ناوەندییەکان دەسبەرداری "ڕێکخستنە کۆنفیدراڵییەکانیان" بووبوون لە ماوەی شەڕی بەربڵاوی ناوخۆدا کە وایلێکردن پێکهاتە ناسەنتراڵەکانی سیاسەتیان بگۆڕنەوە بە سیستەم و ڕژێمگەلێکی یەکگرتووی پتەوی کارگێڕی و ناوچەیی (مایەر، ٢٠٠٦: ٤٣)[١]. لە کوردستانی عوسمانیدا، دەکرا پرۆسەی بەناوەندی کردن ئەنجام بدرێت لە ڕێگەی پەرەسەندنێکی هاوتەریبەوە: واتە ڕەنگرێژ کردنی سنوورەکانی عوسمانی و ئێران کە دەبێتە هۆی دابەشکردنی هەمیشەیی کوردستان و دواجاریش لەناوبردنی حوکمڕانە کوردەکان کە تا ئەو دەمە دەسەڵاتی ناوچەکانی سەر سنووریان بەدەستەوە بوو. بێگومان ئەم سنوورکێشانەش ئاسانکاریی دەکات بۆ لەناوبردنیان.

پەیدابوون و دەرکەوتنی بنەماڵە کوردە میراتگرەکان بۆ یەکەمجار لە مێژووی عوسمانیدا لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە ئیمپراتۆرییەت بەرەو کوردستان کشا و پەلی کوتا بۆ سوود وەرگرتن لە قۆناخی دوای هەڵوەشانەوەی ئاق قۆینلوو هەروەها بۆ ڕێگری کردن لە فراوانبوونی دەوڵەتی سەفەویی تازە پەیدابوو. ئەو سەودا و ڕێککەوتنەی کە لەگەڵ سوڵتان سەلیمی یەکەمدا بڕیبوویانەوە، بە هەندێ گۆڕانکارییەوە، تا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوو. شیاوی باسە کەوا بنەماڵە حوکمڕانە کوردەکان بە فەرمانی سەلیمی یەکەم دروست نەبوون، بەڵکوو

ئەوان پێشتر لە شوێنی خۆیان بوون و ڕێککەوتنیان لەگەڵ سوڵتاندا کردووە.

ئەو پەیوەندییە دووسەر و کراوەیە لەنێوان ئەستەمبوڵ و ئەریستۆکراتییەتی کورددا بۆ هەردوو لایان سوودبەخش بوو. ئەو مەودا جوگرافییە دوورەی لە پایتەختی ئیمپراتۆرییەوە، تەکنۆلۆجیای سنوورداری گواستنەوە، زەحمەتی تێپەڕبوون بە ناو تۆپۆگرافیی سەخت و هەڵەتی کوردستاندا، پێکهاتەی کارگێری و هێزی سەربازیی لەوەوپێشی بنەماڵە حوکمڕانەکانی کورد و سەرهەڵدانی دەوڵەتی سەفەوی و جەماوەری خەڵکی ئەنەدۆڵ کە هاوسۆز بوون لەگەڵ سەفەوییەکاندا هەل و دەرفەتێکی ڕەخساند بۆ چەندین لایەن کە بچنە هاوپەیمانییەکەوە.

لەڕاستیدا، وەک خودی سولەیمانی مەزن خۆی تێبینیی کردووە، کەوا میرنشینەکوردییەکان ناوچەیەکی دابراوی یەکلاکەرەوەیان پێکهێناوە لە نێوان ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێرانی سەفەویدا (عەزیز ئەفەندی، ١٩٨٥: ١٤). بەزۆری دەکرێ ئەوە بکرێتە بەڵگە کە بە هۆی ئەم ناوچە بەربەست و دابراوەوە بووە کەوا سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و دواتریش درێژەی کێشاوە بۆ تورکیای نوێ، لە چیاکانی زاگرۆسەوە دەستیپێکردووە نەک لە لە شوێنێکی ناوەراستی ئەنەدۆڵەوە کەوا جەماوەری خەڵکە تورکەکە هاوسۆز بوون لەگەڵ سەفەوییەکاندا. سەرەڕای سەربەخۆیی بەرچاویان، بابانەکانی لیبترازێت، دەسەڵاتدار و حوکمڕانە کوردەکانی تر بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەو ویلایەتانەیان نەکردبوو کە لە ژێر دەسەڵاتی والی یان حاکمە گشتییەکانی عوسمانیدا بوون. ئەمەش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ دڵگەرمی و چاوچنۆکیی ئەو والی و حوکمڕانانە بۆ سەپاندنی

دەسەڵاتیان و دەسکەوتنی سەرچاوە و خێروبێری زیاتر و بە هۆکاری دنەدان و ڕکابەریی ناوخۆی خێزان و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان و ناوخۆی ئیمارەتەکان خۆیان کەسایەتی و دەسەڵاتدارە کوردەکان تا دەهات زیاتر دەدۆڕان و شکستیان دەهێنا لە بەرانبەر والییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەوڵەتی عوسمانی کۆنترۆڵی گشتیی هەبوو، بەڵام هێشتا ئیمارەتە کوردییە بەهێزەکان تارادەیەک هەر کۆنترۆڵی تەواویان هەبوو بەسەر کاروباری ناوخۆی خۆیاندا تا سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم (محەمەد، ١٩٩٧: ٢٤١).

لە سەرەتایەکی زووی سەدەی نۆزدەوە، دەوڵەتی عوسمانی دەستیکرد بە جۆرە چاکسازییەک و بە پرۆسەیەک کە دواتر بە بارێکدا پەرەدەسێنێت بەوەی کە بەوەی کە ناوی لێنرا سەردەمی تەنزیمات. جموجوڵی سەرومڕی ئەستەمبوڵ بەرەو بەناوەندی کردن بە شێوەیەکی کاریگەرانە لەگەڵ چوونە سەرتەختی سوڵتان مەحموودی دووەمدا (لە ١٨٠٨ - ١٨٣٩) دەستپێکرد و کەوتە لەناوبردنی حوکمی ناڕاستەوخۆی دەستەبژێری ناوخۆیی لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتدا و گۆڕینیان بە حوکمی ڕاستەوخۆی ئەو بیرۆکراتانەوە کە لە ناوەندەوە دادەنران و گۆڕینی شێوازی مڵکدارێتیی زەوی و داهێنانی باجی نوێ و سەپاندنی زۆرەملێی سەربازگرتن و بەم جۆرە دەوڵەتی عوسمانی فشاری توندی کرد لە بەردەم گوڕ و شالاویدا بۆ لەناوبردنی ڕکابەرە ناوخۆییەکانی و هەموار کردن و یەکخستنی سترۆکتووری حکوومەتەکەیدا. وەک نیلەی ئۆ. گویندۆغان تێبینیی دەکات، کەوا لەگەڵ چاوێکیدا لەسەر دەستبەسەرداگرتن و دابەشکردنی زەویوزاری میرە کوردەکان و ڕاستەوخۆ گواستنەوەی

داهاتیان بۆ گەنجینە و بەستاندار کردن و یەکخستنی سیستەمی مڵکداریی زەوی، ئەستەمبووڵ ستراتیجییەکانی خۆی پەرەپێدا لە دانوستان و لەخۆگرتنی بەگەکانی جارانەوە، وەک دامەزراندنیان لە پێگەی ئیداریدا و مووچە بڕینەوە بۆیان وەک (*مودیری* ناحیە یان *قایمقامی* قەزایەک)، بۆ سەرکوت کردنێکی توند و بەزەبری پاشماوەی حوکمی کورد (گویندۆغان، ٢٠١٤: ١٦٠ - ١٧٥). بەهەرحاڵ، ئامانجی سەرەکی دەوڵەتی تەنزیمات تێکشکاندنی ئۆتۆنۆمیی ئەریستۆکراتییەتی کورد بوو لە ڕێگەی دەستبەسەرداگرتنی بنەما و سەرچاوەی هێزیانەوە، کە زەوی بوو (گویندۆغان، ٢٠١٤: ١٦٤).

گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە کوردستاندا بە تەحەدا کردنی محەمەد عەلی پاشای والیی میسردا هات بۆ سوڵتانی عوسمانی. وەک زانراوە کە ئەوە تەنها بە یارمەتیی ڕووس و بەریتانییەکان بوو کە ئەستەمبووڵ توانی زاڵبێت بەسەر ئەم هەڕەشە زۆر گەورەیەدا بۆ سەر تەخت و تاجی عوسمانی. دانانی محەمەد عەلی بە والیی میراتگری میسر و پاشانیش بەفەرمی دانپیانانی دەکرێ بەوە لەقەڵەم بدرێت کە دووەم بنەماڵەی ئەریستۆکراتی حوکمڕانی میراتگری کوردە لە میسر (لە دوای ئەییوبییەکانەوە)، کەوا ئەستەمبووڵ لێی پاشگەز بووبێتەوە[٢]. لەو ماوەیەدا و لەئەنجامی گرژیی ڕوو لە زیادیان لە کێبەرکێی زاڵبوونیان بەسەر میرنشینی باباندا و کۆچکردنی خێڵەکانی وەک زیلان بۆ بەری عوسمانی، ئێرانی و عوسمانییەکان لە لێواری جەنگێکی جەنگێکی تردا بوون. کاتێ کەا گرژییەکان زیادیان کرد، بەریتانیا و ڕووسیا دەستێوەردانیان کرد و هەردوو لایەنەکەیان قەناعەت پێکرد کە

هێزەکانیان بکشێننەوە و ڕێککەوتن لەسەر چارسەرکردنی ناکۆکییەکانیان و بەتایبەتی کێشەکانیان لەبارەی سنوورەوە، لە ڕێگەی کۆنفرانسکی نێودەوڵەتییەوە. شەش مانگ دواتر و لە ناوەڕاستی مایسی ١٨٤٣دا، دیپلۆماتەکانی ڕووسیا، بەریتانیا، عوسمانی و ئێران کەوتنە دانوستان و تاوتوێ کردنی سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و ئێرانی قاجاری. دەستێوەردانی هێزە گەورەکان لە قەیرانی میسردا و ناوبژی کردنیان لە کێشە و ناکۆکییەکانی سنووری نێوان عوسمانی و ئێران وایانکرد کە ئاسانکاری بۆ هەوڵەکانی ئەستەمبووڵ بکەن بۆ زیادکردنی توانا و دەسەلاتی لە کوردستاندا کە بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزیبوو.

(٢)

## یەكەم قۆناخی هێوركرنەوەی كوردستان

لەناوبردنی میرە كوردەكان یەكەمجار بە محەمەد پاشای ڕەواندز یان میرە كۆری سۆران دەستی پێكرد، كە بە زەبری هێز قەڵەمڕەوی حوكمی خۆی لە باشووری كوردستاندا فراوان دەكرد. ئەو كە چووە سەر حوكمی میرنشینی سۆران لە ساڵی ١٨١٤دا، بە زەبری هێز سەرۆكە بچووكەكان خێڵە گەورەكانی خستە ژێر ڕكێفی خۆیەوە كە خۆشناو، شێروان، سورچی، برادۆست و مامش بوون و شارۆچكەی هەریری مەڵبەندی كۆنی میرنشینی سۆرانی لە دەستی بابانەكان سەندەوە. بۆ ساڵی ١٨٣١یش دەستی گرت بەسەر ئیمارەتی بادینانی ئامێدیدا، كە هەمان بنەماڵە لە ڕۆژگاری عەبباسییەكانەوە حوكمیان دەكرد (كینێیر، ١٨١٣: ٣٠١).

ئەگەری ئەوە هەیە كە هەر لە دەوروبەری ئەم سەروەختەشدا بووبێت كە جێگری والیی بەغدا ملی كەچ كردبێت بۆ هەرەتی توانا و دەسەڵاتی میرە كۆر و نازناوی پاشا (*میری میرانی*) پێبەخشیبێت، كە ڕەنگە وەك هۆكارێك بووبێت بۆ جڵەوكردنی (وودس، ١٩٦٦: ٩٣). بەهەرحاڵ، میرە كۆر هێزیشی كردە سەر ماردین و نسێبین و جەزیرە و میر سێوەدینی ناچار كرد بچێتە ژێر دەسەڵاتیەوە و پێدەچێت پەیوەندی كردنی بە ئیبراهیم پاشای كوڕی محەمەد عەلییەوە لە سووریا نیگەرانی و دڵەڕاوكەیەكی توندی دروستكردبێت لە ئەستەمبووڵ.

میر بەردەوام بوو لە فراوانكردنی دەسەڵاتی خۆی لە ئاكرێ و حاكمەكەی دەركرد و لەوكاتەشدا ژمارەیەكی بەرچاوی یەزیدیی ناوچەكەی كوشت لە

ساڵی ١٩٣٣دا[٣]. بۆ ساڵی دواتریش دەستی گرت بەسەر هەولێر، زاخۆ، دهۆک، ڕانیە و ئاڵتوون کۆپریدا. هەر لەو سەروبەندەشدا، بە پێی هەندێ باس و گێڕانەوە، سکەی پارەی بە ناوی خۆیەوە لێدا و پشتگیریی عولەماکانیشی دەستەبەر کرد و کەوتە دامەزراندنی "کارگەی دروستکردنی تۆپخانە، گولە تۆپ، فیشەک، تفەنگ، شمشێر و چەک و جبەخانەی سەربازی. لە شارەکەی خۆیشیدا ئەنجومەنێک یان *دیوانێکی* دامەزراند، کە ڕاوێژی پێدەکردن و یاریدەدەری بوون" (ئەپەڵ، ٢٠٠٨: ٢٥١). بە شکست پێهێنانی هێزێکی عوسمانی کە لە ساڵی ١٨٣٤دا کرابووە سەری، وایکرد چاو ببڕێتە بەری ئێرانیش. لە هەوڵ و کۆششەکانیدا بۆ دەست بەسەرداگرتنی خێڵە کوردەکانی بەری ئێران وایکرد کە لە ساڵی ١٨٣٥دا پەلاماری مەرگەوەڕ و ورمێ بدات و کۆیسنجەق لە دەستی بابانەکان دەربکات و گرژی و ئاڵۆزی لەگەڵ ئێراندا بەرپا بکات[٤]. ئەو سەرباری چەسپاندنی دەسەڵاتی بەسەر زۆربەی باشووری کوردستاندا، بەڵام ئەم فراوانخوازییەی هاوشان بوو لەگەڵ توندی و دڵڕەقیدا، لە سەردەم و ساتەوەختی ئەوەدا کە بابان بە ڕەهایی بەرەو دواوە دادەکشان، لەکاتێکدا کە ئەمان و ئارامی و خۆشگوزەرانییان هێنابوو بۆ ناوچەکانی خۆیان، بوو بە هۆی سکاڵای جۆراوجۆر (فرەیزەر، ١٨٤٠: ٦٥ - ٨٣). لەبەرئەوە، کەسایەتی و ناودارانی ئامێدی، *بەگەکانی* برادۆست و بەرواری، سەرۆک عەشیرەتەکانی زێباری و مزووری، موفتی و شێخەکانی زاخۆ و ئاکرێ نامەیەکیان نارد بۆ محەمەد ڕەشید پاشای (گورجی)، کە سەرۆک وەزیران (سەدری ئەعزەمی - و) پێشتر و والیی سیواس بوو، لەگەڵ دەسەڵاتی باڵای

ناوچەکەدا و سکاڵایان لەدەست *زوڵم* و سەرکوتکردنی میرە کۆر کردبوو (گەنجەر، ٢٠١٠: ١٦؛ هاکان، ٢٠٠٧: ٦٨ - ٧٤).

هاوکات لەگەڵ هەڵوێستی "چاوەڕێ و تەماشاکەی" هەندێ میر و بەگی کورددا لە ماوەی جەنگی ڕووسی - عوسمانیی ١٨٢٨ - ١٨٢٩دا، ئەم سکاڵانامەیە گڕی لە خواست و ئارەزووی پاشاکانی عوسمانی بەردا بۆ لەناوبردنی بنەماڵە دەسەڵاتدار و حوکمڕانەکانی کورد (ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٣١). بۆ ساڵی ١٨٣٤، ئەستەمبووڵ فەرمانی دا بە والییەکانی بەغدا و مووسڵ کە بچنە پاڵ محەمەد ڕەشید پاشا (کە لەو دەمەدا بە دەسەڵاتێکی باڵاوە حاکمی دیاربەکر، ڕەقە، کێبان و ئێرگانی بوو)، بۆ هاوکاری کردنی لە لەشکرکێشییەکی تەمێکردندا دژ بە دەسەڵاتدارە کوردەکان و سەرلەنوێ گرتنەوەی کوردستان. ئەوجا لەو سۆنگەیەوە کە دەسەڵاتی عوسمانی تا ڕادەیەکی زۆر هەر بە ناو مابوو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا، ڕەشید نەخشە و پلانێکی گەورەی داڕشت، لەنێویدا سەرژمێریی دانیشتووان، نیشتەجێ کردنی خەڵکانی کۆچەر، قەدەغە کردنی دروستکردنی باروت و بنیاتنانی تەلار و خانووی بەردین لە دەرەوەی ناوچەکانی نیشتەجێبوون لەترسی ئەوەی وەک سەنگەر و قەڵای بەرگری بەکاربهێنرێن (جێنسەر، ٢٠١٠: ٢١ - ٢٢). وادیارە ئەمین پاشای  مووش و براکانی کە حوکمی بەدلیس و خنس و تەکمانیان دەکرد ئەوانیش چوونە پاڵ هێزەکانی ڕەشید (برانت و گڵاسکۆت، ١٨٤٠: ٣٥١). هاوکاری و هەماهەنگیی ئەمین پاشا و براکانی بەشێکی بەرچاوی کوردستانی باکووری خستە ژێر دەسەڵاتی ڕەشید پاشاوە.

هێزەکانی ڕەشید یەکەمجار هێرشی سزائامێزیان جێبەجێ دەکرد دژ بە حوکمڕان و دەسەڵاتدارە ناوخۆییە بچووکەکانی خازرۆ، خانی، ئێلیجەک و سیلڤان، کەوا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ و بەرچاو حوکمی ناوچەکانی خۆیانیان دەکرد وەک *حکوومەتگەلێکی* ئیمتیاز پێدراو. هێزەکانی پاشا کەوتنە سووتاندنی ماڵ و خانووی بەگەکان و نەففی کردنیان و پاشان قەتڵوعام کردنی کوردە یەزیدییەکانی ناوچەی شیروان لە ویلایەتی دیاربەکر. لە ساڵی ١٨٣٥یشدا توانییان ماردین دەربکەن لە دەستی عەشیرەتی میللی (ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٣١ - ٣٢). پاشان هەر زوو ڕەشید سەرنجی وەرچەرخاند بە لای گەورەترین و بەتواناترین دەسەڵاتداری کورددا، ئەویش میرە کۆر بوو، کەوا لە ڕێگەی هاوری کردنیەوە لەگەڵ سەرۆکەکانی زیرکیدا لە ناوچەی دیاربەکر دەستی گرتبوو بە سەر ناوچەکانی جەزیرە و ماردیندا.

هێزەکانی ڕەشید یەکەمجار زاخۆ و جەزیرەیان داگیرکرد، چونکە میر سێوەدینی *موتەسللیم*، ئەو دەمە چووبووە ژێر ڕکێفی میرە کۆرەوە. ئەوجا سێوەدین پەنای بردە بەر بەغدا و بەدرخانی ئامۆزا و ڕکابەری کشایەوە بۆ چیاکانی باکووری بۆتان، بەڵام هەر زوو خۆی ڕادەستکرد و کرا بە *بینباشی* (مێجەر) لە سوپای عوسمانیدا و *موتەسللیمی* جەزیرە لە ساڵی ١٨٣٦دا (هاکان، ٢٠٠٧: ٨٠؛ کاردام، ٢٠١١: ٧٦، ٨٤ - ٨٧).

بۆ بەتەواوی دەستگرتن بەسەر "باکووری کوردستاندا"، وەک ڕیچارد وودی دیپلۆماتی بەریتانی تێبینیی کردووە، ڕەشید پاشا ئینجە بەیراقدارزادە محەمەد پاشای والیی مووسڵ لە باکوور و ڕۆژئاواوە و عەلی پاشای والیی

بەغدا لە باشوورەوە و لەم قۆڵەوە پێشڕەوی کرا بەرەو میرە کۆر، کە لە هاوینی ١٨٣٦دا هێشتا هەر کۆنترۆڵی قەلای سەختی ڕەواندز و قەڵاکانی ئامێدی، هەولێر، ئاڵتوون کۆپری و ئاکرێی کردبوو (وود، ١٩٦٦: ٩٣ - ٩٤).

هەر لەو سەروبەندەدا، تارانیش ژمارەیەک لە هێزەکانی سەر سنووری جووڵە پێکرد و پەیامی دەنارد بۆ میرە کۆر و بەڵێنی یارمەتیی پێدەدا و بەم بەێنانە بڕە پارەیەکی زۆری بە فێڵ و تەفرەدان لێدەکێشایەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هاوکاری و یارمەتیی خۆی خستبووە بەردەستی ڕەشید پاشا (وود، ١٩٦٦: ١٠٤ - ١٠٥، ١١٢).

کە میرە کۆرە ویستی درۆ و ڕاستیی بەڵێنی یارمەتیی ئێرانییەکان تاقیبکاتەوە، هێزەکانی عوسمانی هەولێر و ئاکرێیان گرت و لە ڕەواندز نزیکبوونەوە. ئەوجا بە هێزێکی پڕ چەک و جبەخانە کە لە ٢٥ هەزار سەربازی زیاتر دەبوو، لە بەرانبەر میرە کۆرەدا کە فەرماندەیی تەنها هەشت هەزار سەربازی دەکرد و ناچار کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ فەرماندە عوسمانییەکاندا داوای کرد "لە شوێنێکی ئارامی ڕەواندزدا بمێنێتەوە و ... و بپارێزرێت لەوەی بە سەرشۆڕی ببرێتە ناو ئۆردووگاوە" (وود، ١٩٦٦: ١٠٧، ١١٩). ڕەشید پاشا، هەستی دەکرد کەوا میرە کۆر لەوانەیە لە سنوور بپەڕێتەوە و بڕوات بە دیوی ئێراندا، بۆیە ئەفسەرێک و چەند زانایایەکی ئاینیی (عولەمای) نارده لای بۆ نوێکردنەوەی جەختکردن لە بەڵێنەکانی پارێزگاری لێکردنی، بە "قورئانێکی موهرلییەوە"، واتە قورئانێک کە

ڕەشید پاشا مۆری خۆی لێدابوو و بە سوێندەوە بەڵێنی پێدابوو کە میر لە شوێنی خۆی دادەنرێتەوە.

وادیارە میرە کۆرە بووە بە قوربانی ڕکابەریی نێوان مەراقدار و چاوچنۆکەکان. عەلی پاشای بەغدا، کە بەتەواوی ڕای جیاواز بوو لەگەڵ سەعید پاشادا، ڕای وابوو کە ئەو هەلومەرجانەی درابوو بە میرە کۆرە سرووشتیکی پڕ سووکایەتی تێدا بووە بۆ بابی عالی و بەم پێیە قبووڵکراو نیە. ڕەشید پاشا داوای کرد وازبێنیت و لەگەڵ هێزەکانیدا بگەڕێتەوە و ڕەتیکردەوە کە مامەڵە لەگەڵ میرە کۆردا بکات. ئەوجا عەلی پاشا فەرمانی تایبەتی خۆی دەرکرد و بەم پێیە بەڵێنەکانی ڕەشید پاشای بەتاڵکردەوە. هەر لەوێدا عەلی پاشا بایز پاشای مامی میرە کۆری بە حاکمی ڕەواندز دامەزراند و لە هەمان کاتدا بەرەو کۆیسنجەق ڕۆیشت بۆ سەپاندنی "بەناو دەسەڵاتەکەی ئەو کاتەی". لەولاشەوە ڕەشید پاشا بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنانەوە کە دابووی و ئەو سوێندەی کە بە موهورلی قورئان خواردبووی دەستی گرت بەسەر "شەخسی میرە کۆر خۆی و ماڵ و سامانیدا" و لە ڕێگەی دیاربەکرەوە ناردی بۆ ئەستەمبووڵ[٥].

جەیمس بەیلی فرەیزەر خۆبەدەستەوەدانی میرە کۆر دەگێڕێتەوە بۆ نەبوونی سۆزی جەماوەری لەو ناوچانەی کە داگیری کردبوون و خیانەت کردنی هەندێ لە ئەفسەرەکانی و نەخواستنی کوردەکان بۆ شەڕکردن دژ بە ئاڵای خەلیفەی سوڵتان. بەڵام، ڕەسووڵ بەگی برای بۆ ماوەی بیست ڕۆژ لە قەڵای ئامێدیدا بەرگری و شەڕی کرد، لەکاتێکدا کە میرە کۆر نێردرا بۆ ئەستەمبووڵ و چەند مانگێک لەوی مایەوە.

وادیارە لەوێ سەردانی کارگەی چەکی کردووە و ئاگاداری کاریگەریی بەریتانیا بووە لە دەرباری سوڵتاندا و لەوێ مێداڵ یان *نیشانی* پێبەخشراوە و بانگهێشتی *سەلاملک* کراوە - بە یاوەریی سوڵتان لە مەوکیب و ڕێوڕەسمێکی شکۆداردا بۆ نوێژی هەینی. ئەو بەهیوا بوو بگەڕێتەوە وەک حوکمڕانی کوردستان دەستبەکار بێت. نوێنەرە بەریتانییەکان، کە ڕەنگە بووبێتنە هۆکاری کۆتایی پێهاتنی، پێشنیازی ئەوەیان بۆ دەسەڵاتدارانی عوسمانی کردبوو کە میرە کۆر بە حوکمڕانی "خاک و وڵاتی تۆرووس دابنرێت کەوا بە هێڵێک دەگاتە ئەرزڕووم و لەوێوە بەرەوخوار دەبێتەوە بۆ سلێمانی"، لەبەر ئەوەی وایان بیردەکردەوە، کە هەر ئەو بەتەنها دەتوانێت ئەو ناوچەیە بهێڵێتەوە وەک بەربەستێک دژ بە دەستدرێژی و پێشێلکارییەکانی ئێران و ڕووسیا و هەروەها لەبەر ئەو شیرازە تێکچوون و بێسەروبەرییەش کە بە دوای دەکردنی میرە کۆردا هات[٦].

سەرەڕای ئەو بەگەرمی و دۆستانە پێشوازی لێکردنی لە ئەستەمبوڵ و ئەو ماڵئاوایی و بەڕێخستنەی لە گەشتی گەڕانەوەیدا، بەڵام میرە کۆر بە شێوەیەکی تەمومژاوی بێسەروشوێن بوو. بێگومان زۆر ڕێی تێدەچێت کە لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی عوسمانی کوژرابێت. بەهەرحاڵ، خێزان و بنەماڵەکەی ئەویش، وەک گەلێ لە بنەماڵە کوردەکان، پلە و پایەیان زۆر دابەزێنرا و تێکەڵ بە سیستەمی عوسمانی کرا و بۆ ماوەیەکیش هەر بە کاریگەر مایەوە لە ناوچەی سنووردا. وەک ئەحمەد کاردام بە زیرەکی و بیرتیژیی خۆی تێبینیی کردووە، کەوا لەبەرئەوەی میرە کۆر زۆربەی ئەریستۆکراتییەتی باشووری کوردستانی لەناوبردووە و بە لەناوچوونی

خۆیشی هیچ نەماوەتەوە بابانە لاوازکراوەکانی لێ بترازێت کە وەک کۆسپێک لە بەردەم هەژموونی عوسمانییەکاندا مابوونەوە (کاردام، ٢٠١١: ٨٧).

لەڕاستیدا، وەک پەندەکە دەڵێ "مانگەشەو سەرلەئێوارە دیارە" و بەو پێیەی سووسەی شتێکیان کردبوو کە لە ئایندەیەکی نزیک یان دووردا ڕوودەدا، سولەیمان پاشای بابان شەشسەد سەربازی دابوو بە سوپای ئیمپراتۆری، لەکاتێکدا کە ئەستەمبووڵ یەکێک لە کوڕەکانی کردبوو بە مێجەر لە سوپادا و مێداڵ یان نیشانێکیشی بەخشیبوو بەویتریان (هاکان، ٢٠٠٧: ٨١). جۆرج پی. باجەری مژدەدەر یان مسیۆنێری بەریتانی وایلێکدەداتەوە کە ئۆپەراسیۆنەکەی ڕەشید پاشا بووە بە هۆی ئەوەی کە "نوورولڵا بەگی ئەمیری کوردانی سەربەخۆی هەکاری داوایەکی دامەزراندنی بەرز کردووەتەوە لە ژێر ڕکێفی پاشای ئەرزڕوومدا" (بادجەر، ١٨٥٢: دوانزەهەم).

لە ناوەڕاستی لەشکرکێشییەکەیدا بۆ ملکەچ پێکردنی کوردستان، ڕەشید لە کۆتایی ساڵی ١٨٣٦دا کۆچی دوایی کرد، ئەوجا وەک ئەو "گەنجینەیەی لە ڕەڤەندەس بەدەستهاتبێت" پێکەوە لەگەل بەندییەکان نێردران بۆ خەرپووت[٧].

شوێنگرەوەکەی، کە موشیر یان فیلدمارشاڵی سیواس، حافز محەمەد پاشای چەرکەس حاکمی گشتیی دیاربەکر و سیواس بوو، ئەوی کە پێشتر کەسایەتی و ناوداران سکاڵایان هێنابووە لای دژ بە سەرکوت کردنی میرە کۆر، کەوتە لەشکرکێشییەکی چوار ساڵی بۆ ئەوەی کوردستان بخاتەوە ژێر

ڕکێفی عوسمانی. یەکەم ئامانجی حافز پاشا یەزیدییەکانی سنجار و تورکمانەکانی تەلەعفەر بوو، کە بەرهەڵستیی سەربازگیریی زۆرەملێ و باج سەندنیان دەکرد. ئەویش زۆر دڵڕەقانە کەوتە سەرکوت کردن و داپڵۆسینیان و ناچاری کردن باج بدەن و ملکەچ بن بۆ دەسەڵاتی حکوومەت و ٣ هەزار گەنجی یەزیدیشیان نارد بۆ خزمەتی سەربازی (هاکان، ٢٠٠٧: ٨٦ - ٨٧). پاشان زۆر دڕندانە کەوتە وێزەی کوردەکانی گارزان کە تا ئەو دەمە هەرگیز نەچووبوونە پاڵ دەسەلاتی عوسمانی (گێنسەر، ٢٠١٠: ١٦).

ئامانجی دوای ئەوەی حافز پاشا هەدوو برا خان موحموود و عەبداڵ خانی مۆکس یان موکوس بوون (کە ڕۆژگاری ئەمڕۆ باهچەسەرایە) و ئەوان لە ساڵانی ١٨٢٠کانەوە دەسەڵاتی خۆیان فراوان دەکەن لە ویلایەتی وان و دەرەوەشیدا. تێکچوونی بارودۆخ و بێسەروبەری لە سەردەمی جەنگی ١٨٢٨ - ١٨٢٩ی ڕووسی - عوسمانیدا، بواری بۆ خان مەحموود ڕەخساند کە سنووری ئیمارەتە بچووکەکەی بەرفراوان بکات. لە ماوەی جەنگدا دەستی گرت بەسەر زەویوزاری بنەماڵەی دێرینی مەحموودیدا، لە قەڵای بەناوبانگی خۆشابدا، کە چیرۆک و بەسەرهاتی حوکمیان تێیدا کۆتایی هاتبوو (هاکان، ٢٠٠٢: ٥٠).

لە پاش سەردەمێکی شەڕ و ململانێ لەسەر دەسەڵاتداری و هەژموون بەسەر ناوچەکەدا، خان مەحموود و بەدرخانی جەزیرە لەگەڵ یەکتر ڕێککەوتن و چوونە هاوپەیمانییەکەوە کەوا کەسایەتی و دەسەڵاتداری تری کوردی لەخۆگرتبوو وەک نوورولڵا بەگی هەکاری. بە پێی برانتی کونسوڵی بەریتانی، ئەو هاوپەیمانییە وردە وردە دەسەڵاتی سوڵتانیان ڕەتکردووەتەوە

و بۆ کۆتایی ساڵانی ١٨٣٠کان چیتر باجیان نەدا بە عوسمانییەکان و جەختیان لەسەر سەربەخۆیی خۆیان دەکردەوە. خان مەحموودی برا گەورەی ناو شەش برا هەندێ لە براکانی دەسنیشانکرد بۆ حوکم کردنی ناوچەکانی وان[٨].

لە دەوروبەری ئەم ماوەیەدا ئەستەمبووڵ پلەی وانی لە ویلایەتەوە دابەزاند بۆ *قایمقاملک*. بە شکستهێنانی عوسمانی لەدژی میسرییەکان لە ساڵی ١٨٣٩دا، خان مەحموودیش دەسەڵاتی خۆی لە شارەکەدا دامەزراند (هاکان، ٢٠٠٢: ٦٦).

سەرەڕای ئەو مەترسییانەی کەوا ئێرانییەکان و نوورولڵا بەگی *میری* هەکاری ڕەنگە بێن بە هانای براکانەوە، بەڵام نوورولڵا و بەدرخان و سێوەدینی جەزیرە کە ڕق و کینە و دژایەتیی براکانیان لەدڵدا بوو، چوونە ژێر ڕکێفی فەرمانەکانی حافز پاشاوە و هێرشیان کردە سەر خان مەحموود و ناچاریان کرد بڕواتە ئەرزڕووم و لە ٤ی نۆڤەمبەری ١٨٣٨دا خۆی ڕادەستی پاشا بکات. خان مەحموود و دوان لە براکانی کە یاوەرییان دەکرد خرانە زیندانەوە. بەڵام براکانی تر خۆیان لە قەڵاکانیاندا قایمکرد و لە پاش گفتوگۆ و دانوستان خۆیان ڕادەستی سوپای عوسمانی کرد. پێدەچێت هیلمۆت ڤۆن مۆڵتکە لای خۆیەوە بایەخی پێدابێتن کاتێ دەڵێ "تۆپخانەی عوسمانی زۆر باڵادەستترە لە هەر شتێکی تر کەوا کوردەکان لەدژی بوەستنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو قەڵا و سەربازگانەیان کە لە چل تا هەشتا کەسیان تێدایە بەرەنگاری تەواوی هەوڵەکانیان بوونەتەوە بۆ ماوەی سی و دوو یان تەنانەت چل ڕۆژیش (ڤۆن مۆڵتکە، ١٨٩٣: ٢٨٥).

پاشان خان مەحموود و دوان لە براکانی دوورخرانەوە بۆ ئەستەمبووڵ و لە مارتی ١٨٣٩دا گەیشتنە ئەوێ. دواتر لێخۆشبوونیان بۆ دەرچوو و گەڕانەوە بۆ موکس و لەوێ دەسەڵاتی خۆیان گێڕایەوە (هاکان، ٢٠٠٧: ٨٨ - ١١٤؛ کاردام، ٢٠١١: ٩٣ - ٩٧)[٩]. مامەڵەی عوسمانییەکان بۆ خێزانەکەی موکس ئەوە پێساندەدا کە ئامانجی ئەستەمبووڵ لەناوبردنی جەستەیی کەسایەتی و ناودارە کوردەکان نەبووە، بەڵکوو هەڵوەشاندنەوەی حوکمی کورد و حاڵەتی میراتگریی *میرەکان* بووە و تێکەڵ کردنیان بووە بە سیستەمی کارگێڕیی ناوەندیی عوسمانی بووە وەک بکەر و ئەکتەرانێکی کەمتر کارا.

یەکێک لەو ئەکتەرانە، کە بەدرخانی جەیرە بوو، یاوەریی هێزەکانی حافز پاشای کرد بۆ ملکەچ پێکردنی یەکێک لە هاوپەیمانەکانی پێشووی، کە سەید بەگی حاجی بەهرام بوو، کەوا کەسایەتییەکی کوردی ناودار و خەزووری میر سێڤەدین بوو، کە نیشتەجێی قەڵای گورکێل بوو. لە بەرانبەر ئەوەدا پلەی بەدرخان بەگ بەرزکرایەوە بۆ میرئاڵای (کۆلۆنێل) (چادرچی، ١٩٩١: ١٩٤ - ١٩٦؛ کاردام، ٢٠١١: ٨٤ - ٩٣؛ ڤان بروونەسن، ١٩٩٢: ١٧٧ - ١٨٢). لەگەڵ بارودۆخی باباندا کە لە بێسەروبەرییەکی تەودا بوو[١٠]، میرەکانی ڕەواندز، موکوس، هەکاری، و جەزیرە لەناوبران یان تێکەڵ بە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی کران، لەگەڵ زۆربەی ئەوانیتری هەڵگرانی *یورتلوک - ئوجاکلیکدا* (واتە بنەماڵە میراتگرەکان) بە ئیدارییەکی ئاست و پلە نزمتر دایامەزراندن، پێدەچێت کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر هێورکرابێتەوە.

بەهەرحاڵ، هەر زوو لە پاش ماوەیەکی کەم بارودۆخی جیۆپۆلەتیکی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا. ئەو ئاشتییە پڕ چاوڕاوەی نێوان قاهیرە و ئەستەمبووڵ کە لە ساڵی ١٨٣٣وە بەردەوام بوو لەناکاو کۆتایی هات کاتێ کە محەمەد عەلی پاشا نیاز و مەبەستی خۆی ئاشکرا کرد کە لە ئەستەمبووڵ جیادەبێتەوە. حافز پاشا، بە کەیف و هەوای سەرکەوتنی بەسەر کوردەکاندا و بە هێزەکانی کە بە هاوکاریی ڕاوێژکارە پرووسییەکان نوێکرابوونەوە، وا باس دەکرێت کە قەناعەتی بە سوڵتان کردووە گوایە "دەتوانێ ئەم *والییە* گەورە و یاخییە تێکبشکێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش سەرکردایەتیی سوپای عوسمانیی پێسپێردرا" (ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٣٤).

بەهەرحاڵ، هێزەکانی عوسمانی و ژمارەی گەورەی سەربازەکانی کە بەم دواییەش ژمارەیەکی قەبەی کوردی نانیزامیی لە ڕیزەکانی خۆیدا بە زۆرەملێ ناونووس کردبوو، نەیدەتوانی شان لە شانی سوپای بەدیسپلینی میسر بدات. هەواڵی باڵادەستی و سەرکەوتنی سوپای میسر بەسەر ئەوی عوسمانی لە شەڕی ساڵی ١٨٣٩دا لە نیزیپ ڕێک لەدوای کۆچی دوایی سوڵتان مەحموودی دووەم گەیشتە بابی عالی. بەڵام پێشڕەوی کردنی میسرییەکان بەرەو ئەستەمبووڵ دەوڵەتە گەورەکانی وەک ڕزگارکەری سوڵتان هێنایە ناوەوە و محەمەد عەلییان ناچار کرد حوکم کردنی میسر بە میراتگری قبووڵ بکات.

شکستخواردنی حافز پاشا و دەرەنجامەکانی دوای ئەوەش لە کزبوونی دەسەڵات هەلی ڕەخساند بۆ ئەریستۆکراتییەتی کورد کەوا خۆیان بکوتنە نێو بۆشایی دەسەڵاتەوە و ئاوێتەبوونی بوونی ئەم دواییەیان لە ناو سیستەمی

عوسمانیدا (پاش لەناوبردنی بەشێک لە ئیمارەتە کوردییەکان تا ئەو کاتە - و)، ئاسانکاریی بۆ مەسەلەکە کرد. بۆ نموونە، داوا لە بەدرخان کرا، کە ئەو دەمە کۆلۆلۆنێلێک بوو لە سوپای عوسمانیدا، هێز لەدژی میسرییەکان بجوولێنێت. ئەویش وایکرد و وەک هەلێک قۆستیەوە بۆ کۆنترۆڵ کردنەوەی ناوچە و مڵکەکانی باوباپیری. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و دەسبەجێ لەپاش ئیحتیواکردنی هەڕەشە و مەترسیی میسر بە هاوکاری و یارمەتیی بەریتانیا و ڕووسیا، ئەستەمبووڵ ڕووی وەرچەرخاندەوە بەرەو کوردستان.

بۆیە ئەو سوپا بەهێزەپەنجا هەزار کەسییە کە بەچاکی مەشق درابوون و پڕچەک کرابوون و لەدژی ئیبراهیم پاشای میسری جووڵێنرابوو، ئەو دەمە ئامادەبوو بۆ دەست بەسەرداگرتنەوەی کوردستان و بۆ یەکەمجار بیهێنێتە ژێر ڕکێفی تەواوی عوسمانییەوە (ڤۆن مۆڵتکە، ١٨٣٩: ٢٧٨، ٢٨٥).

هەڵبەت بە هۆی نەبوونی پێکهاتەی سەرکردایەتییەکی ناوەندی و هەر یەکەیان خەمی ناوچە و ویلایەتەکی خۆی بوو، بۆیە دەسەڵاتدار و حوکمڕانەکانی کورد هیچ دەرفەتێکیان لەبەردەمدا نەما بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپایەکی ئاوها بەهێز و بە سەرکردایەتیی ئەو پاشایانەی بە پەرۆش بوون بۆ پێشکەوتن لە ژیانی پیشەیی خۆیاندا و لەسەر حیسابی خەڵکانی تر.

(٣)

# کۆتایی سەربەخۆیی

لەناوبردنی کۆتایی چینە دەسەڵاتدار و باڵادەستەکانی کورد ئەمجارەیان لە بابانەکانەوە دەستی پێکرد. لەپاش چەندین دەیەی ئەو ئاڵۆزی و قەیرانانەی بەرۆکی یەک لە دوای یەکی میرەکانی بابانی گرتبوو، لەگەڵ ڕکابەریی عوسمانی و ئێران لە سەر ئەوەی کە پیاوەکەی سلێمانی دڵبەند و وابەستەی کام لایان بێت، لە سەرەتای ساڵانی ١٨٤٠کانەوە ئەحمەد پاشای بابان دەسەلاتی خۆی لە ناوچەکەدا چەسپاند.

ئەحمەد پاشا هێزێکی بەدیسپلین و توندوتۆڵی ٨٠٠ کەسیی پێکەوەنا بە چەک و تفاق و جلوبەرگی سەربازیی هێزێکی نیزامییەوە. بە گومانی ئەم ئەقڵییەتی ڕیفۆرمەی حاکمی بابان، والیی یان حاکمی گشتیی عێراق، نەجیب محەمەد پاشای گورجی، بە شیوەیەکی بەرچاو ئەو باجەی لەسەر سلێمانی زیاد کرد کە دەبوو سلێمانی بینێرێت بۆ بەغدا. بەهەرحاڵ، ئەم کارە ئەحمەد پاشای ناچار کرد کەوا باج لەسەر خەڵکی وڵاتەکەی زیاد بکات کە خۆیان لەبنەڕەتدا لەژێر باری قورسی ژیان و گوزەرانی ناهەمواردا پشتیان چەمیبوو. بەڵام ئەمە نیوەی تەحەدا و ئالینگارییەکەی ئەحمەد پاشا بوو، چونکە مەسەلەکە واشی پێویست دەکرد کە دڵی ئیرانییەکان ڕابگیرێت بۆ ئەوەی کارەکە نەشێوێنن و بەرتیل بدرێتە دەسەڵاتدارانی بەغدا بۆ پشتگوێخستنی هەوڵ و تەقەلای عەبدوڵای تەڵەکەبازی برای بۆ حوکم کردنی ئیمارەتەکە (جۆنز، ١٩٩٨: ٢٠٨ - ٢٠٩).

کۆنفرانسەکانی سنووری عوسمانی و ئێران لە ئەرزڕووم کە ساڵی ١٨٤٣ دەستپێکردبوو، لەگەڵ فشاری بەریتانیا لە نەجیب پاشا بۆ ئەوەی دۆخەکەی ئەو کاتە وەکوو خۆی بهێڵێتەوە و تێکینەدات، بۆ ماوەیەکی کاتیی ڕەفتاری نائاسایی دوژمنکارانەی ئەم پاشایەی ڕاگرت. لەبەرئەوەی ئێران ڕکابەریی عوسمانییەکانی دەکرد لە دەسەڵات ڕۆیشتنیان بەسەر سلێمانیدا، دیپلۆماتە بەریتانییەکان ویستیان هێرشەکە لەدژ "حکوومەتە تارادەیەک سەربەخۆکەی پاشای کورد" بۆ ماوەیەک ڕابگیرێت "هەتا پەیماننامە نوێکە ئیمزا و پەسەند دەکرێت و بەکردەوە هێڵی سنوور دیاری دەکرێت" (جۆنز، ١٩٩٨: ٢٠٨ - ٢٠٩).

نەجیب پاشا، کە بۆ ماوەیەکی کاتی هێرش و لەشکرکێشییەکەی ڕاگرت، لە ساڵی ١٨٤٥دا هێزەکانی خۆی کۆکردەوە بۆ بدەن بەسەر میرنشینەکانی سۆران و بابان و بۆتاندا. نەجیب کە لەکاتێکدا بەرەو سۆران هێرشی دەکرد، ژێربەژێر داوای لە ئەحمەد پاشای بابان کرد بێتە پاڵ هێزەکانی و پێکەوە شەڕی سۆران بکەن و بەڵێنیشی پێدا لە ڕێگەی بازرگانێکی چەکی بەریتانییەوە دوو هەزار تفەنگی بداتێ بێئەوەی حکوومەت بزانێت*، بەڵام ئەم لەترسی ناپاکی و ئاسوودە نەبوون بەم داواکارییە مەسەلەکەی ڕەتکردەوە[١١].

نەجیب بەمە زۆر تووڕە بوو، لەبەرئەوە ڕووی هێزەکانی لە ڕەواندز وەرگێڕا بەرەو ناوچەی بابان. یەکەمجار نەجیب بەرەو ناوچەی کۆیسنجەق پێشڕەویی کرد بە پاشاوێکی ڕاگەیەنراو کە ئەویش "چاودێری کردنی پێشخستن و کاروباری کشتوکاڵی" بوو، بەڵام نیاز و مەبەستی ڕاستەقینەی

هاندان بوو بۆ بەرپاکردنی ئاڵۆزی و قەیرانێک و پاشان بۆ سەپاندنی دەسەڵات و کاریگەریی ئەستەمبووڵ و جڵەوکردنی دەسەڵاتی میری بابان، وەک هێنری سی. ڕاوڵینسۆن تێبینیی کردووە[١٢]. پەرەسەندنەکانی دواتر تێڕوانینێکی ورد و تیژ دەرمخسێنیت لەبارەی چۆنێتیی تێگەیشتنی کورد بۆ سنووری سەربەخۆیی خۆیان و ئەوی دەسەڵاتی عوسمانی. تێگەیشتن لە هەڵوێستی ئەحمەد پاشا کە هەڕەشە و مەترسیی زۆری لێ ئاڵابوو و سەبارەت بە "پشکنینی" نەجیب پاشایش، هیچیتر نەبوو لە هێرشیکی دوژمنکارانە بەولاوە، دەسەلاتە ناوخۆییەکانی کورد ئەو ئەفسەرانەی بەغدای دەسگیر کرد کە چووبوونە ناو شارۆچکەکەوە (واتە کۆیە - و) بۆ کۆکردنەوەی زەخیرە و پێداویستی. حاکمە بابانییەکەی کۆیسنجەق "بەوپەڕی ڕێز و ئەدەبەوە، بەڵام بە هۆشدارییەکی ڕوون و ئاشکراوە" نەجیب پاشای ئاگادارکردەوە کە "ڕاسپاردە و ڕێنمایی ئەحمەد پاشای بۆ نەیەت ڕێگە بە هێزەکانی عوسمانی نادرێت ئەم شوێنە داگیر بکەن"[١٣].

هەوڵەکانی ئەحمەد پاشا بۆ نزیکبوونەوە سەریان نەگرت و نەجیب پاشا فەرمانی پێدا بۆ "کشاندنەوەی هێزەکانی لە کۆیە و دانان بە گرتنێکی ئازادانەی ناوچەکە لە لایەن هێزەکانەوە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا و خۆیشی بێتە ئۆردووگاکە و بەیعەتی شەخسی دەربڕێت بۆ گەورەکەی و سڵاوی سەربازیی بۆ بکات کەوا شارەکەی ڕادەست کردووە بەم"[١٤].

کاتێ ئەحمەد ڕەتیکردەوە ئەم کارە بکات، نەجیب یەکسەر فەرمانی لابردنی دەرکرد و عەبدوڵڵای برا ناپاکەکەی لە جێگە دانا. ئەوجا وەک ئەوەی پلانی بۆ دانرابوو نەجیب داوای کرد تەواوی هێزەکان لە مووسڵ و

بەغداوە دەسبەجێ پێشڕەوی بکەن بەرەو خاک و ناوچەکانی بابان. هێزەکەی خۆیشی کە پێکهابوو لە دوانزە هەزار سەرباز و لە ڕووی ژمارەوە کەمتر بوو لە هێزەکانی بابان بەڵام مەشق کردن و چەک و تفاقیان باشتر بوو. عەبدوڵڵا بەگی بابان، وا ئێستا بووە بە پاشا و یاوەریی هێزەکەی نەجیب پاشا دەکات بۆ هێورکردنەوەی خەڵکە تووڕەکەی بەرەی براکەی و لە ڕێگەی کاریگەریی ناوەکەیەوە یارمەتیی جۆرێک لە ئاساییکردنەوە بدات. هەوڵەکانی ئەحمەد بۆ ئاشتەوایی جارێکیتر بێسوود کەوتەوە[١٥]. گوژمی بەگوڕی تەنزیمات ڕێگەی بە حوکمی ناڕاستەوخۆ نەدەدا کە لە ئیمراتۆرییەتدا جێگەی ببێتەوە.

لە کاردانەوەدا، ئەحمەد پاشا، میری ڕەواندز و سەرۆک خێڵی خۆشناو لە کۆیسنجەق هێزیان کرە یەک بۆ بەرگری کردن. ژن و زا و ماڵ و سامان برانە شوێنی ئەمان و سەلامەت یان ڕەوانەی ئەودیوی سنوور کران بۆ ئێران. ڕێگەوبان و ڕاڕەوەکان پاسەوانیان بۆ دانرا و ئەوجا دوو هێزی کوردیی جیاواز لە کۆیە بازیان کۆبوونەوە، کە تەنها دوو شوێن بوون کەوا هێزەکانی عوسمانی بتوانن زنجیرە چیاکان ببەزێنن لێوەیان. واتەوات و قاو داکەوت کەوا بەدرخان بەگی جەزیرە یارمەتی دەنێرێت بەڵام ئەحمەد پاشا سەلماندی کە هیچ بنەمایەکی نیە. خۆ ئەگەر ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە ڕووی بدایە ئەوە ڕەنگە مەسەلەکە لە بەرژەوەندیی کورد بشکایەتەوە.

پێدەچێت ئەحمەد پاشا لەم جومگەیەدا هەڵەیەکی کاریگەر و کوشندەی کردبێت. لەکاتێکدا کە بە پێی ڕاوڵینسۆن، دەکرا هێزەکەی ئەم ئەوی نەجیب

پاشای تێکبشکاندایە، ئەگەر تەنها بەرگریی بکردایە و هێرشی نەکردایە، بۆ ئەوەی وای نەگەیاندایە کە لەدژی سوڵتان یاخیبووە[١٦].

ڕاولینسۆن زیرەکانە تێبینیی دۆخەکەی کردووە و پێشبینیی سیاسەتەکانی نەجیب پاشا و ئەستەمبوولی کردووە و ئەویش جێگۆڕکێ پێکردنی دەسەڵات "لە تورکەوە بۆ کورد" و، "دانانی والیی تورک و سەربازگە و پاسگای تورک لە هەموو شارۆچکەیەکی کوردستاندا. خۆ ئەگەر لەشکرکێشییەکەی دژ بە سلێمانی بە سەرکەوتن تەواو بوو ... ئەوە کورد محەمەد پاشا بە یەکەیەکی سەربازیی توکی بەهێزی پیادە و تۆپخانەوە لە کوردستانی باشووردا بەجێدەهێڵرێت و عەبدوڵڵا پاشاش وەک تەنها بووکەڵەیەک بەکاردەهێنرێت بۆ هێمن کردنەوەی نارەزایی و بێزاریی کوردەکان وەک ئەنجامێکی ملکەچییان بۆ ڕەگەزێکی دەرەکی. پاشان هەمان کردەوەش دژ بە ڕەواندز، خۆشناو، سەرۆکی هەکاری، بەدرخان بەگ، سەرۆکی جەزیرە و داوجاریش وەک ئومێدی لێدەکرێت ڕۆحی سەربەخۆیی کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ باڵی بەسەر کوردەکاندا کێشاوە بەتەواوی تێکدەشکێنرێت، ئەو کاتەش خێڵەکان دەبن بە ڕەعییەت وەک لەوەی باجدەر بن بە ئیمپراتۆرییەتی تورکی"[١٧].

لەکاتێکدا کە نەجیب پاشا خۆی ئامادە دەکرد بۆ پێشڕەوی کردن بەرەو کۆیسنجەق، ئەحمەد پاشاش ئامادەکاریی دەکرد بۆ گەمارۆدانی سەربازگەکەی نەجیب. درککردن بەو دۆخە پڕ مەترسییەی کە بەرەوڕووی بووەتەوە، نەجیب نێردەی خۆی ڕەوانەی بەغدا کرد و داوای یارمەتیی کرد، بەڵام کوردەکان ڕێگەیان پێگرتن و کوژران.

پاشان نەجیب شێخێکی پایەبەرزی نارد بۆ لای ئەحمەد پاشا بە مەبەستی ئەوەی دانوستانی لەگەڵدا بکات، بەڵام لە کاتی گفتوگۆدا و لەبەر هۆکاری نەزانراو، ئەحمەد پاشا شێخەکەی داوەتە بەر دەمانچە و کوشتوویەتی. لە کاردانەوەی ئەوەدا، زۆرێک لە شوێنکەوتووانی لێی هەڵگەڕاونەتەوە و دڵسۆزی و پابەندیی بخۆیان بۆ عەبدوڵڵای برای دەربڕیوە. لە ئەنجامی ئەم شەڕ و دووبەرەکییەی خێوەتگەکەدا، ئەحمەد پاشا هەڵاتووە بۆ لای خێڵی جاف، کە یەک لە خێڵەکانی ناو قەڵەمڕەوی بابان بووە و لەوێشەوە ڕەوانەی سنە کراوە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات. پاشان سوپاکەی پەرش و بڵاو دەبێتەوە و چەک و جبەخانەشی دەکەوێتە دەست هێزەکەی نەجیب پاشا[١٨].

ئەو ویستی لە ئێرانەوە تەحەدای دەسەڵاتی براکەی بکات، بەڵام نوێنەرانی ڕووسیا و بەریتانیا و عوسمانی فشاریان خستە سەر تاران بۆ ئەوەی لە سنوور دووریبخاتەوە. بەهەرحاڵ، کۆتایی ئەحمەد پاشا لەخۆیدا کۆتاییەکی کاریگەری حوکمی میراتگریی بەهێزترین بنەماڵەی کورد و حوکمڕانیی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر بوو.

ئەم کۆتاییە، وەک ڕاولینسۆن تێبینیی دەکات، سیمبۆلی گواستنەوەیە لە پەیوەندیی باجدانەوە کەوا کوردەکان سوڵتان وەک گەورەیەکی باڵادەستی خۆیان دەناسن بۆ جۆرێکی نوێی پەیوەندی کە تێیدا دەبنە ڕەعییەتی سیادەی عوسمانی.

دواجار ئەحمەد پاشا لەگەڵ ئەستەمبوول ئاشتبووەوە و وەک دوورخراوەیەکی تاراوگە گەڕایەوە. عەبدوڵڵای برایشی، کە جێیگرتەوە، وەک زۆرێک لەو کەسایەتی و دەسەڵاتدارە کوردانەی خیانەتیان لە گەل و

بنەماڵەی خۆیان کرد و هاوکاری و هەماهەنگییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا کرد، هەر زوو لە حوکمە بووکەڵەکەی دەرکرا و نێردرا بۆ ئەستەمبووڵ[١٩].

ئەمەش واناگەیەنێت کەوا بابانەکان تێکەڵ بە سیستەمی عوسمانی نەکران. عەبدوڵڵا دواتر بە حاکمی دیوانییە دانرا لە باشووری عێراق، هەروەها ئەحمەد پاشاش بوو بە ئیدارییەکی دەرکەوتووی ئیمپراتۆری.

بە لەناوبردنی بابانە لاوازکراوەکان، دەسبەجێ پاشا عوسمانییەکان سەرنجی خۆیان وەرگێڕا بە لای تازە هەڵگەڕاوەکانی بۆتان و هەکاری و برایانی خان لە واندا. وادەردەکەێت کەوا برایانی خان پاش ئەوەی لە ئەستەمبووڵ بەردران کۆنترۆڵی خۆیان گێڕایەوە بەسەر ویلایەتی واندا و قەڵای خۆشابیشیان لە دەستی هێزەکانی عوسمانی دەکرد و هێرشێکیشیان دژ بە بیتلیس ئەنجامدا.

بەپێی پاشا عوسمانییەکان، خان مەحموود هاوپەیمانیی لەگەڵ هەکاری و جزیرە کردبوو، بە هەمان شێوە لەگەڵ یەحیا خانی سەڵماسیش، کە ئەندامێکی بنەماڵەی هەکاری بوو، لە بەری ئێرانەوە و خێڵەکانی دوودەری کۆچەریش لە ناوچەی جەزیرە، کە هاوینانیان لە پاوان و لەوەڕگەکانی مەحموودیدا بەسەردەبرد[٢٠](هاکان، ٢٠٠٧: ١٢٦ - ١٢٧). خەڵکی وان بەرهەڵستیی چەندین هەوڵی ئەستەمبووڵیان کرد کە هێزی دەنارد بۆ سەپاندنی والییەک بەسەریاندا (دۆغان، ٢٠١١: ١٥٤).

برایانی خان، بەتەواوی وەک ئەحمەد پاشای بابان بوون و دژ بە سوڵتان یان چەتری عوسمانی نەبوون بەڵکوو زۆر باش ئاگایان لە نیاز و مەبەستی

ئەستەمبوول بوو سەبارەت بە کۆتایی پێهێنانی سەربەخۆییان و گۆڕینی ئەوان بە عوسمانییە دنراوەکان لەجیاتیی ئەوان. هەڵبەت هەر ئەوان نەبوون بەتەنها، بەڵکوو ڕاپۆرتی جۆراوجۆری عوسمانی هەبوون لەسەر ماوەی پاراستنی بوونی کۆمەڵەیەکی یەکگرتووی کورد. کاتێ کە حاکمی گشتیی هەرێمی داوای لە خەڵکی ساری وان کرد بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکاری ئەوەی کە بۆچی بەردەوام لەیاخیبووندان، خەڵکی وانیش وەفدێکیان ناردە لای بۆ ئەوەی بزانێ کە ئەمان وەک ڕەعییەتی دڵسۆز بۆ سوڵتان هەموو کات ئامادەبوون باجی *ڕەوای* خۆیان بدەنە حکوومەت، بەڵام ڕەتیدەکەنەوە کەوا کەلوپەل بۆ سەربازی تازە ناونووسکراو دابین بکەن، پاسگایەکیان بۆ وەربگرن تەنزیمات قبووڵ بکەن یان مل بدەن بە کەرەنتین[٢١].

پاش زیاتر لە مانگێک لەو دوا مۆڵەتەی کە ئەسعەد پاشا بۆی دیاری کردبوون بۆ ئەوەی بێ هێچ مەرجێک خۆ بەدەستەوە بدەن، لە مارتی ١٨٤٥دا، چل و حەوت موسڵمان و شانزە کریستیانی وان نامەیەکی مۆرکراویان بۆ نارد. ئەوان دووپاتیان کردووەتەوە کەوا لەکاتێکدا کە بەرهەڵستیی حکوومەت دەکەن بەو هۆیەوە نیە کە ئەوان یاخین یان نایانەوێ باجەکانیان بدەن (کە کۆیدەکەنەوە و دەینێرن بۆ حکوومەت)، بەڵام لەبەرئەوەی تەنزیمات باجی زۆر و فشاری حکوومەت زیاد و بەسەربازگرتنی زۆرەملێ دەگەیەنێت. وەک بەرگری کردن لە ئۆتۆنۆمیی خۆیان، ئەوان بێجگە لەوە بە پاشاشیان ڕاگەیاند کەوا هێزە ناوخۆییەکان قەڵای وانیان دەپاراست (لەدژی ئێران) و بەدڵنیاییەوە پێویست بە ناردنی هێزی نیزامی ناکات بۆ ئەوێ[٢٢].

بەدوای گەیشتنی چەندین ڕاپۆرت لە حاکم و والییەکانی ناوچەکانەوە، ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا کۆمەڵەی یەکگرتووی کورد بە سەرکردایەتیی بەدرخان، کە لە پشتی بەرگرییەوە بوو لە وان، پێویست دەکات سەرکوت بکرێت نەوەک تەشەنە بکات بۆ هەموو ناوچە کوردییەکان و بگاتە سیواس (دۆغان، ۲۰۱۱: ۱۵۳ - ۱۵٤). جەیمس برانتی کونسوڵی بەریتانی لە ئەرزڕووم، کە زۆر بەتوندی داکۆکیی لە کۆتاییهێنان دەکرد بە بنەماڵە حوکمڕانەکانی کورد، لەسەر هەمان ڕاوبۆچوون بوو.

ڕاستییەکەی، وادیارە لە پاش یارمەتیدانی سەرکوت کردنی کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانی کوردی وەک خان مەحموود و سەید بەگی حاجی بەهرام، حافز محەمەد پاشا هاوکار و پشتیوانی بوو وەک ڕێگەیەک بۆ هێشتنەوەی لە ژێر کۆنترۆڵدا. بەپێی مارتن ڤان بروونەسن، بەدرخان لە ساڵی ۱۸۳٦دا کراوە بە *موتەسەللیم* و ساڵی ۱۸۳۸ ملی کەچ کرد و دووبارە پێگەی خۆی چەسپاندەوە لە پاش شەڕی نیزیب و دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان کرد لە ڕۆژهەڵاتی ڕەواندزەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای ورمێ لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ دەروازەکانی مووسڵ لە باشوور. بەدرخان، بۆ جێگیر کردنی ئارامی و ئاسایش و حوکمی یاسا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا پەرەی بە کشتوکاڵ و چاندنی بەروبووم و دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندە وێرانکراوەکاندا، ئەمەش سەریکێشایەوە بۆ کەشێکی گشتیی خۆشگوزەرانی.

بێجگە لەوەش، وەک دکتۆر ڕایتی مسیۆنێر سەرنجی داوە، کە چوار مانگی لەگەڵ بەدرخاندا بەسەربردووە، کەوا پارەی کاشی بەسەر هەژاراندا دابەش دەکرد و دادپەروەرییەکی پوخت و بێگەردی پیادە دەکرد و "هێزی یاسای" دامەزراند، لەکاتێکدا کە بوو بە خاڵی کێشکردن بۆ "هەموو سەرۆکێک لە باکووری کوردستاندا" بۆ سەردانی کردنی، لەناویاندا هەردوو ڕکابەرە کۆنەکەی نوورولڵای هەکاری و خان مەحموودی موکوس[٢٣]، کە هەردوکیان هێشتا حوکڕانی ئیمارەتەکانیان بوون و دۆخی حکوومە*تیان* هەبوو" (ڕایت و برێث، ١٨٤٦: ٣٨١ - ٣٨٣؛ ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٣٦).

کاتێ دەچینە دواوە بۆ سیستەمی نەریتیی حکوومە*تی* ڕۆژگارە دێرینەکان، وا باسدەکرا کە لە وتاری نوێژی هەینیدا ناوی هێنراوە، وەک ئاماژەیەکی ڕێکوڕەوان بۆ داواکردنی حوکمی سەربەخۆ لە جیهانی ئیسلامیدا. ئەمیش بەزۆری وەک ئەحمەد پاشای بابان، هەوڵی نوێکردنەوەی هێزەکانی دا و یەکەکانی دەستەبژێری سەروو خێڵی دروستکردبوو لە ژێر فەرماندەیی خۆیدا (ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٣٦؛ کلەین، ٢٠١١: ١٠٩ - ١١١؛ ڤان بروونەسن، ١٩٩٢: ١٧٢ - ١٨٠).

ئەگەر لە بێشکەدا نەخنکایە، ئەگەری زۆر هەبوو ئەم کۆششە نوێیە پێکهاتەی سیاسیی کوردی لە شێوازێکی جیاوازی ڕێکخستندا جێبهێشتایە. ئەو کەسایەتیی دەسەڵاتدارانەی کورد کەوا ئەم باسە لەسەریان وەستاوە بەدیاریکراوی سیاسەتی کوردیان دەبردە ئەودیوی سنوورەکانی ناوچەیی خۆیانەوە و بنەماکانی ڕێکخراوەکانی سەروو خێڵیان دادەمەزراند.

دەکرێ تا ئەو ڕادەیەش بڕۆین کەوا فەوجە سەربازییەکانیان کە پێکهاتبوون لە خێڵی جۆراوجۆر ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی پێشتریان بەجێبهێشتایە و هاوپەیمانییەکی تازە چەکەرەکردوو لە ناو کەسایەتییە کوردەکاندا سەری هەڵبدایە.

سەرلەنوێ جەختکردنەوە لەسەر دەسەڵاتی سیاسیی کورد تەحەدایەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ دەوڵەتی تەنزیماتی ناوەندی کە دایدەیشکاندەوە بە لای نەهێشتنی ئۆتۆنۆمی یان حوکمڕانیی ناڕاستەوخۆ لە ئیمپراتۆرییەتدا و گۆڕینی چینی ئەریستۆکراتییەتی ناوخۆیی بەوانەی کە لە ناوەندەوە دادەمەزران. لە ساڵی ١٨٤١دا، بە گومانی هێز و دەسەڵات پەیداکردنی بەدرخان و ئەو هاوپەیمانێتییانەی دروستی دەکردن، ئەستەمبووڵ ویستی جڵەوگیری بکات لە ڕێگەی لکاندنی چەند بەشێک لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بە ویلایەتی مووسڵەوە کەوا ئینجە محەمەد پاشای بەیراقدارزادە حوکمی دەکرد، کە پیاوێکی بەهەڵپە بوو و چاوی بڕیبووە چواردەوری خۆی. ئەوەی کە ناوی لێنرابوو مەسەلەی جەزیرە، یان مەسەلەی لکاندنی جەزیرە بە مووسڵەوە، لە لایەن ئەو توێژەرانەوە کە خۆیان وێڵکردبوو لە داواکاریی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی وا لێکدەدرایەوە کە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد تەنها کاردانەوەیە بۆ تەنزیمات، بەو پێیەی کە ڕووداوی سەرەکییە بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشی بەدرخان (ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٣٦).

مەسەلەی جەزیرە بۆ ماوەیەکیش بووبوو بە جێی باس و مشتومڕی ئەنجومەنی وەزیرانی عوسمانی و پاشاکان قسەیەن لەسەر ئەو کێشەیە دەکرد. لەکۆتاییدا، ناوچەکەیان بە فەرمی لە دیاربەکر بچڕی و خستیان سەر

مووسڵ. ڕەتکردنەوەی بەدرخان بۆ ئەوەی کە ملبدات بۆ بەیرەقدار هەل و دەرفەتی ڕەخساند بۆ پاشاکانی عوسمانی کەوا بە یاخی لەقەڵەمی بدەن و ئۆتۆنۆمیی کورد تێکبشکێنن و هێز و دەسەڵاتی خۆیان زیاد بکەن. لەکاتێکدا کە پاشاکانی عوسمانی خەریکی پیلانگێڕان بوون، هاوپەیمانییەکی نێوان بەدرخان و خان مەحموود هاتە ئاراوە. ئەمە زۆر لەو هاوپەیمانییەی خان مەحموود دەچوو کە لە یەکەم قۆناخی ئارامکردنەوەی کوردستان لە ناوەڕاستی ١٨٣٠کاندا و کۆنترۆڵ کردنی قەڵای خۆشابی ستراتیجی (لە ساڵی ١٨٤٢دا) و هەوڵێکی سەرنەکەوتووانەی دا، بە یارمەتیی بەدرخان و نوورولڵا بەگ بۆ ئەوەی ناوچەی بەدلیس بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. هەندێ لە پاشاکانی عوسمانی لەو کاتەدا ئەمەیان وا لێکدایەوە کە بەشێک بێت لە نەخشە و پلانی عوسمانییەکان بۆ ئەوەی وردە وردە هەژموونی عوسمانی بخەنە لاوە (کاردام، ٢٠١١: ١١٥ - ١١٩).

هەر پاشاکانی عوسمانی بەتەنها نەیاندەویست گیانی سەربەخۆیی کرد تێکبشکێنن، بەڵکوو دیپلۆماتە بەریتانییەکانیش فشاریان دەکرد و پێیان لەسەر کۆتاییەک دادەگرت بۆ ئۆتۆنۆمیی کورد وەک بەشێک لە ستراتیجییە گەورەکەیان بۆ هێشتنەوەی عوسمانییەکان وەک قەڵا و سەنگەرێک بە فراوانخوازی و پەلکوتانی ڕووسیا بەرەو باشوور. ئەم فشارەش زۆری بەدەستەوە بوو بکرێت لەگەڵ ئەوەی کە چەندین ساڵ لەوەوپێش ڕوویدابوو.

بە هۆی لەشکرکێشیی یەکەمی بەدرخان و نوورولڵا بەگەوە بۆ سەر نەستوورییەکان لە هاوینی ١٨٣٤دا، بووبوون بە ناوی زۆر ناسراو لە ڕۆژئاوا و فشاریان خستبووە سەر ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بۆ لابردنیان.

ئەگەری زۆر هەیە کە بە هۆی پشتیوانی لێکردنەی جۆراوجۆری ئەوروپی و مژدەدەرە دڵگەرمە تازە گەیشتووەکانی ئەمریکا و بەڵێنەکانی بڕیاری باڵای تەنزیمات وای لە نەستورییە کریستیانەکانی ناوچەی هەکاری کردبوو کە تا ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی نووروڵڵا بەگی میری هەکاریدا بوون، کە سەرانە (جزیە)ی ساڵانەی نەدەنێ و هێرشیشیان کردووەتە سەر جولەمێرگ بەپێی گێڕانەوەی مسیۆنێرەکانی ئەو سەردەمە (گرانت، ١٨٤٣: ٤٣٥). هەروەها مار شیمۆن (شەمعوون) ی ڕابەری نەستوورییەکانیش تەرەفگیریی سولەیمانی برازای نووروڵڵای کردووە کە ڕکابەریی مامی دەکرد بۆ سەرۆکایەتی. بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەم سەربەخۆییە گەرموگوڕە و هێرش و پەلاماردانی ڕوو لە زیادی گوند و مزگەوتەکانی موسڵمانان و تەلار و خانەی مسیۆنێریی چەشنی قەڵای دکتۆر گرانت لە ناوچەی تەیاری، نووروڵڵا داوای یارمەتیی لە بەدرخان کرد و ئەویش هێزێکی گەورەی نارد بۆ بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونەکە.

لەو ڕووبەڕوونەوانەی کە بەدوایدا هات، ژمارەیەکی زۆری نەستوورییەکان کوژران و گەلێکیشیان ناچار کران ناوچەکە بەجێبهێڵن. هەڵبەت ئەوە دوور نیە لەو بەڵگەیەی کە باس لەوە دەکات کەوا ئەم ڕووداوەی کە تیشکێکی میدیایی باشی چووەتەسەر لەبارەی "ئەو کوشتارە دڵڕەقانەی بەدرخان بەگەوە"، وەک چاودێرێک باسی دەکات (باجەر، ١٨٥٢: ix)[٢٤].

بەمەش زنجیرەیەک لە هەست و سۆزی ئەوروپیی دژە کورد دەستی پێکرد لەگەڵ ڕاوبۆچوونی چەندبارەی زۆربەی گەڕیدە و دیپلۆماتەکان لە

ناوچەکەدا و ئەمەش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینی لە مەسەلەی دوورخستنەوەی کورد لە دانوستانەکانی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا و ئەنجامیش واکەوتەوە کە دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆیانیان نەبێت[25].

کوشت و کوشتاری نەستوورییەکان لەلایەن هاوپەیمانی یان یەکگرتنی خان مەحموود - بەدرخان - نوورولڵاوە و ئەو وێرانکارییانەی بەرپایان کرد لە کۆمەڵگەکانیاندا پەیوەندیی نێوان کورد و نەستوورییەکانی شێواند و ژەهراویی کرد. بە هەمان شێوە دەسەڵاتدارانی ئەوان و کوردی تری وەک میرە کۆر لەدژی یەزیدی و سیاسەتە نامرۆڤانەکانی تریش ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان بینی لە نامۆکردنی یەزیدییەکان لەودوای کورد لە مەودای دوورودرێژدا[26].

هێرش و پەلامارەکە، کە وەک ڕووداوێکی تر تێیدەڕوانرا لە زنجیرەیەکی دوورودرێژی توندوتیژی لەدژی کریستیانەکان، زۆر بەباشی جاڕی لێدرابوو لە ئەورووپادا. پاشان وا هاتەپێشەوە کە لەدوای چەندین ساڵ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی یەکسانیی هەموو ڕەعییەتەکانی ڕاگەیاند لە بەردەمی یاسادا و هێرش و پەلامارەکە پێچەوانەی بەڵێنەکانی تەنزیمات بووە. حکوومەتەکانی فەرەنسا و بەریتانیا فشاریان خستە سەر عوسمانییەکان بۆ سزادانی سەرۆکەکانی یاخیبووان (هاکان، ۲۰۰۷: ۱۵۷ - ۱۹۳؛ کلەین، ۲۰۱۱: ۱۰۸ - ۱۱۵؛ ڤان برووونەسن، ۱۹۲: ۱۷۷ - ۱۸۱).

بەڵام ئیدارییەکانی عوسمانی ڕاوبۆچوونێکی تریان هەبوو، بەو پێیەی کەوا نەستوورییەکان پێشتر هیچ کاتێ ملیان بۆ ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی

کەچ نەکردووە و سەرکوت کردنیشیان لەلایەن بەدرخانەوە مایەی نیگەرانی نەبووە. بۆ نموونە، کامیل پاشای والیی ئەرزڕوومیش، تێبینیی ئەوەی کردووە کەوا کاریگەریی بەریتانی و ئەمریکییەکان، هاوکات لەگەڵ دەستتێوەردانی ئێراندا، سەریان لە نەستوورییەکان شێواندبوو و تووشی هەڵەی کردبوون و هانیدابوون گوندەکان تاڵان بکەن و مزگەوتەکان بکەنە کەنیسە و لەبەر ئەوە بووە کەوا بەدرخان کاری پێویستی کردووە بۆ سەرکوت کردنیان[٢٧].

به هەمان شێوە، پشتگیری کردنی والیی بەغدا و ئەرزڕووم لە بەدرخان و ترس لە دەستتێوەردانی ئەوروپییەکان ڕەنگە پاڵی بە ئەستەمبووڵەوە نابێت بۆ ئەوەی بەدرخان لە مەسەلەکە نەکاتە دەرەوە. پێدەچێت پاڵپشتیی ئاست بەرز دنەی دابێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی دڵڕەقانەی دژ بە نەستوورییەکان و کونسوڵەکانی فەرەنسا و بەریتانیا، کە هەمیشە لەلایەن میسیۆنێرەکانەوە ئاگادار دەکرانەوە، بەردەوام فشاریان لە ئەستەمبووڵ و دامودەزگا دەرەکییەکان کردووە بۆ ئەوەی زنوورێک بۆ ئەم چەوساندنەوە دابنێن. پاش ئەوەی بەدرخان هێرشێکی تری خوێناویی کردە سەر نەستوورییەکانی تووما لە پایزی ساڵی ١٨٤٦دا، ئەستەمبووڵ، بە هۆی فشاری باڵیۆزی فەرەنسییەوە و ئاگادار کردنەوەی کە چیتر شەرعییەتی لە مەترسیدایە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە مامەڵەیەکی یەکلاکەرەوەی لەگەڵدا بکرێت.

لەبەرئەوە موشیری (فەرماندەی) سوپای ئەنەدۆڵ و والییەکانی سیواس و دیاربەکر و مووسڵ فەرمانیان پێکرا لەشکرکێشییەک ڕێکبخەن دژ بە

بەدرخان و وان، کە دانیشتووانی بەردەوام بوون لە تەحەدا کردنی حکوومەت و باوەڕیان "بە خۆیان هەبوو کە توانایان هەیە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن"[٢٨].

بەدرخان پەیمانی دا جەزیرە بەجێبێڵێت و ڕێگە بە گەڕانەوەی هەموو هەڵاتووەکانی ناوچەکە بدات و هەرچییەکی لەسەرە بیبژێرێت و کۆکردنەوەی ڕێکوپێکی باجی شایستە و چیتر دەستوەردان نەکات لە کاروباری نەستوورییەکاندا و بەتەواوی ملکەچی دەسەڵاتی دیاریکراوی والیی مووسڵ بێت و سەرباز لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بدات، بەڵام ئەمانە هیچ سوودێکیان نەبوو (کاردام، ٢٠١١: ٣١٣ - ٣١٥). هەڵبەت بۆ ئەستەمبووڵ، داواکاریی بەدرخان کە لە وتاردانی نوێژی هەینیدا تەنها ناوی ئەو بخوێنرێتەوە لابردنی مسۆگەر کردبوو. ئەستەمبووڵ لەوە بەدواوە چیتر دەسەڵاتدارە کوردەکان نابەخشێت. ئەوجا لە پاش ئامادەکارییەکی دوورودرێژ، لە هاوینی ١٨٤٧دا، سوپای عوسمانیی ئەنەدۆڵ و عەرەبستان بە فەرماندەیی موشیر عوسمان پاشا لە یەک کاتدا کەوتنە هێرش کردن بۆ سەر خان مەحموود و بەدرخان، کە هەردوو سەرکردەی هاوپەیمانییە کوردییەکە بوون (کاردام، ٢٠١١: ١٠٥).

شاری وان لە سەرەتای ساڵی ١٨٤٥وە تەحەدای دەسەڵاتی عوسمانیی دەکرد. عوسمان پاشا نامەیەکی ناردبوو بۆ دەستەی ئەرکانی عوسمانی و بە ڕوونی ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو کەوا هاوپەیمانیی خان مەحموود - بەدرخان هەندێ کەسایەتی دەسەڵاتداری تری کورد دەگرێتەوە ە یەکێتییەکی بەهێزیان هەبووە (*ئیتتیفاقی قەومییە*) و هەندێ بیر و ئایدیایان هەبووە کە

لەگەڵ دڵسۆزیدا (بۆ سوڵتان یان دەوڵەت - و) یەکینەدەگرتەوە و خەونیان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە بینیوە (*حکوومەتی موستەقیللە*)[٢٩].

بابی عالی فەرمانی داوەتە پاشاکانی خۆی کە چی لەتوانایاندیە بیکەن بۆ تێکشکاندنی "یەکێتی و هاوپەیمانیی کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان). کارەکە باش بەدەستەوە هات و جێبەجێ بوو کاتی کە شەریف بەگی مووش و عەبداڵ خانی برای خان مەحموود، پێدەچێت تووڕە بووبێتن چونکە دەبوو ئەو قەڵایانەی بەدەستیانەوە بوو ڕادەستی بەدرخانی بکەن و لەو سۆنگەیەوە عەبداڵ خان لە نیسانی ساڵی ١٨٤٧دا لێیان جیابووەوە (هاکان، ٢٠٠٧: ١٩٣ - ٢٠٣؛ کاردام، ٢٠١١: ٣٣١ - ٣٣٦). بەدوایدا ڕیزوان ئاغای سەرۆکی حەسەنان و ئیبراهیم ئاغای سەرۆکی خێڵی حەیدەران و دەمڕاست و دەسەڵاتدارانی ئەخلات و عادیلجەوازیش وازیان لە بەرگری هێنا و ملکەچی سوپای عوسمانی بوونەوە. پاشان هەندێ جیابوونەوەی تریشی بەدوادا هات. بە نەخشە و پلانێکی ڕوون بۆ لەناوبردنی ئەم کەسە جیابووەوانە پاش ئەوەی لە ژێر ڕکێفی بەدرخاندا خزمەتیان کردبوو، پاشاکانی عوسمانی ڕۆب یان عەبای ڕێزلێنانیان بەسەر گەلێکیاندا دابەش کردبوو (کاردام، ٢٠١١، ٣٢٨).

بۆ مسۆگەر کردنی خزمەتی شەریف بەگ کرا بە *میرئالای* (کۆلۆنێل) و شارۆچکەی مووشیش کرا بە مەڵبەندی ئامادەکاری. ڕەشید پاشا پشتگیریی ئەمین پاشای برای شەریفی کرد کە ببێتە *موتەسەڕیفی* سەنجەقی مووش و نیشانی ڕێزلێنانی ئیمپراتۆریی بەخشییە هەردوو براکە (گێنسەر، ٢٠١٠: ١٦).

لەبەرئەوەیش کە عەبداڵ خان کۆنترۆڵی قەڵاکانی ساتمانیس و خۆشابی کردبوو لە سەر سنوور، بۆیە جیابوونەوەکەی تێسرەواندنێکی هێجگار گەورە بوو بۆ هاوپەیمانییەکەی خان مەحموود - بەدرخان، کە پلان وابوو پەنا بەنە بەر قەڵای خۆشاب لە حاڵەتێکدا کە شکستیانهێنا[٣٠].

بەم جۆرە، جیابوونەوەکەی عەبداڵ خان بەدرخانی ناچار کرد بکەوێتە دانوستان لەگەڵ ئێراندا. لەو ماوەیەشدا، ڕەسووڵ پاشای ڕەواندز، کە لە دوای خۆبەدەستەوەدانی براکەی ئەمیان لە شوێنی دانبوو، دواتریش کرابوو بە *قایمقامی* هەریر، هەڵاتبوو بۆ شنۆ لە ئێران. ئەستەمبوولیش داوای لە هەردوو کونسوڵی ئێرانی و بەریتانی کردبوو لە بەغدا بۆ ئەوەی کە بیگێڕنەوە. ئەویش بە خوایشتی خۆی بەقسەی کردبوون و گەڕابووەوە، لەبەر ئەوە تاران بڕیاریدا کە هیچ یارمەتییەکی بەدرخان نەدا یان هیچ هیوایەکی نەهێڵێت بۆ ئەوەی پەنای بدات ( هاکان، ٢٠٠٧: ٢١٧ - ٢١٩).

هەرچەندە بەدرخان و خان مەحموود بەرەگاری سوپایەکی باڵادەست بوونەوە کە لە ٢٥ هەزار سەربازی پڕچەک و تفاقی سەربازیی چاک پێکهاتبوو کە ژمارەیەک جەنەراڵی پلە و پایە بەرز فەرماندەییان دەکرد، بەڵام بڕیاریاندا بەرگری بکەن و سەرکەوتووانەش کردیان. بەڵام لەو کەسە پایە بەرزانەی کە جیابوونەوە، خیانەت کردنی یەزدانشێری ئامۆزاکەی بەدرخان و کوڕی میر سیڤەدین بوو، کە جێگەی بەدرخانی گرتەوە و ڕێگەی بە سوپای عوسمانی دا بێتە ناو جەزیرەوە لە کۆتایی مایسی ١٨٤٧دا و ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو کز و لاوازی کردن، بەتایبەتی کە یەزدانشێر پێش هێزەکان کەوت بۆ دەنگەر و قایمکارییەکانی بەدرخان لە دەرگوڵ[٣١].

بەدوای ئەودا شەڕ و پێکدادان دروستبوو لەنێوان هێزەکانی خان مەحموود و سوپای عوسمانیدا لە ناوچەکانی ئەخلات و بەدلیس و مووش (هاکان، ٢٠٠٧: ٢١٢ - ٢١٣). لە ١٤ی حوزێرانی ١٨٤٧دا، بەدرخان، بە یاوەریی ٤ - ٥ هەزار جەنگاوەر هێرشێکی شەوانەیان کردە سەر سەربازگەکەی فەریق عومەر پاشا. هاوزەمان، خان مەحموودیش بۆسەیەکی شەوانەی نایەوە بۆ تیپەکەی سەرعەسکەر عوسمان پاشا و هەرچۆنێک بوو نەیهێشت "هێزەکانی لە ڕووباری بۆتان بپەڕنەوە، کەوا بە کەڵەک دەیانویست ئەو کارە بکەن، چونکە پردەکە ڕووخێرابوو"[٣٢].

هەرچەندە شەڕ و پێکدادان ڕووبەرێکی جوگرافیی فراوانی گرتووەتەوە بەڵام وەک دەگوترێ مانگەشەو سەر لە ئێوارە دیارە، بۆیە بەدرخان شوێنکەوتووانی ئازاد کرد لەو سوێندی ملکەچی و دڵسۆزییە کە خواردبوویان. لە دوادوایی تەمووزدا، لەگەڵ نزیکەی ٥٠٠ کەس لە شوێنکەوتووانی کشانەوە بۆ قەڵای ئێروێکس (ئۆراک)، کە لەوێ خێزانەکەی بەدڵنیاییەوە لە ئەماندا دەبێت. فرەی نەبرد خۆبەدەستەوەدانی دوو برازای بەدوادا هات. هەرسهێنانی کۆمەڵەی کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانی کورد ورەی بەرگریکارانی لە واندا ڕووخاند. کاتێ هێزەکانی ئەرزڕووم گەیشتن، دوو لە براکانی خان مەحموود، کە ئەوێیان بەجێهێشتبوو بۆ بەرگری کردن لە شارەکە، خۆیان ڕادەستی فەریق عومەر پاشا کرد[٣٣].

"هێنری ئە. لایارد" تێبینیی ئەوەی کردووە کەوا هێزەکانی سوڵتان بە هاوکاری و یارمەتیی بە سەربازگرتنی زۆرەملێی کوردە یەزیدییەکان، بۆ

دواجار شکستیان بە خان مەحموود هێنا لە تیللە، لەکاتێکدا کە لەگەڵ خێڵەکانی وان و هەکاریدا پێشڕەویی کردبوو بۆ یارمەتیدانی بەدرخان. بەهەرحاڵ، بە گەیشتنی هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی بەدرخان، خان مەحمووديش کەوتە دانوستان کردن لەپێناوی خۆڕادەستکردنی خۆی و هاوپەیمانییەکەیدا (لەنێویشیاندا میکردیچ و ماریک ئەفەندیی هاوپەیمانە ئەرمەنەکانی). بەم جۆرە ماوەی چل ڕۆژی شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی عوسمانی و کورددا هاتە کۆتایی. خان مەحموود لە ٤ی تەمووزی ١٨٤٧دا لە تاتڤان خۆی بەدەستەوەدا و دواتر دوورخرایەوە بۆ ڕوسچوک، هەفتەی دواتریش، هێزەکانی حکوومەت توانییان قەڵای وان بگرن (دۆغان، ٢٠١١: ١٥٦ - ١٥٧؛ کاردام، ٢٠١١: ٣٤٣، ٣٦١ - ٣٦٢).

بەپێی برانتی کونسوڵ، وا باس بووە کە دەکرا بەدرخان سەرکەوتوو بێت لە بەرپاکردنی ڕاپەڕینێکی گشتیی کورددا[٣٤].

بەهەرحاڵ، ئەو لەپاش چەندین ڕۆژی بەرگری کردن لەدژی هێزەکانی عوسمانی لە ئێرویکس، لە ٤ی تەمووزی ١٨٤٧دا، خۆی ڕادەستی پاشاکانی عوسمانی کرد (کاردام، ٢٠١١: ٣٥٨). وادیارە لەم کاتەشدا (مایسی ١٨٤٧)، نووروڵڵا بەگی هەکاری، کە لە شۆڕشەکەدا بەشداریی نەکرد و خۆی بەدوور گرتبوو، قەناعەتی پێکرابوو کە واز لە دڵسۆزی و ملکەچیی بەدرخان بێنێت[٣٥].

لەپاش گرتنی بەدرخان، "تەنها چەند مانگێکی کەم تێپەڕیبوو بە سەر گرتنی بەگەکانی بەدلیسدا، کە درێژترین ماوە بەرگریی هێزی چەکداری

تورکییان کردبوو. بۆچوون وایە کە لەگەڵ ئەواندا یاخیبوونەکە لەو کاتەدا لە کوردستان دامرکێنرایەوە (لایارد، ١٨٥٢: ١٠).

تا مانگی ئاب نزیکەی هەموو سەرۆکە گرنگە کوردەکان خۆیان بەدەستەوەدا و چاوەڕیی دوورخستنەوەیان بوون بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرییەت[٣٦].

وەک هەمیشە عادەت وابووە کە خیانەت تەنها ئاسوودەییەکی کاتی دەستەبەر دەکات بۆ خیانەتکاران، ئەو سەرۆکانەی کە هاوکاری و هەماهەنگییان کرد لەگەڵ عوسمانییەکاندا، وەک شەریف بەبی مووش و براکانی بۆ ماوەیەک لە پێگە و پۆستەکانیان مانەوە بەڵام بۆ سەرەتای ساڵی ١٨٥٠ ئەوانیش لە ناوچەکە دوورخرانەوە. سەرباری زوو جیابوونەوەشی عەبداڵ خانیشیان خستە پاڵ کاروانی دوورخراوەکان.

بەهەمان شێوە، هاوکاری نەکردن لەگەڵ بەدرخان - خان مەحموود و پێدانی نیشانێکی ئیمپراتۆرییش نوورولڵا بەگی هەکاریی ڕزگار نەکرد. ئەستەمبووڵ بەهانەیەکی پێگرت کەو هەوڵی داوە ناوچەکانی هەکاری بخاتە سەر ئێران و عوسمانییەکان بەگومان بوون لە نوورولڵا چونکە یەکێک لە ژنەکانی خوشکی یەحیا خانی سەڵماس بوو، کەوا خوشکێکی تری ژنی محەمەد شای ئێران بوو. عوسمانییەکان بە داواکاری ئەوەی کە تاران ڕێگە نەدات لە سنوور بپەڕێتەوە لە ٩ی دیسەمبەری ١٨٤٨دا هێزەکانیان بردە ناو جوولەمێرگەوە. نوورولڵا بەگ لە ترسی باڵادەستیی ئەم هێزە هەڵهات بۆ قەڵای بەردەڕەش و لەوێ عەلی ئەشرەف خانی حاکمی ئێرانی بە ٣٠٠ سوارەوە فریایکەوت و ڕزگاری کرد.

ئەمەش قەیرانێکی نێودەوڵەتیی بچووکی لێکەوتەوە و کاتێ داوای گێڕانەوەی کرد لە تارانەوە، دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و تەنانەت کونسوڵەکانی بەریتانیا و ڕووسیا لە تەبریز لای خۆیانەوە هانی ئێرانییەکانیان دەدا کەوا نووروڵڵا ڕادەستی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بکەن و بەڵێنی پاراستنی ژیان و کەرامەت و مڵک وماڵیان دا. ئەوجا نووروڵڵا لە ژێر ئەم چەشنە فشارەدا ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ بەری عوسمانییەکان و پەنا بباتە بەر سەید تەهای هەکاری، کە شێخێکی نەقشی - قادریی ڕێزلێگیراو بوو (هاکان، ٢٠٠٧: ٢٦٦ - ٢٧١).

بەهەرحاڵ، هەر زوو نێردرا بۆ ئەستەمبووڵ و لەوێشەوە بۆ تاراوگە. دالْدەدانی نووروڵڵا لە لایەن سەید تەهاوە ساتەوەختێکی سیمبۆڵی بوو لە مێژووی کوردستاندا. لەکاتێکدا کەوا کەسایەتی و دەسەڵاتدارە کۆنەکان بەرەو لاوازی و کزی دەچوون، چینێکی نوێی چینیکی نوێی خەڵکی ناوەند لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، سەرکردە و ڕابەرانی چەسپاوی تۆڕە ئایینییەکان، بەرەوە شانۆی ڕووداوەکان دەچوونە پێشەوە و عەبای سەرکردایەتییان دەدا بە شاندا.

# (٤)

# ئەنجام

گەلێ لە باسوخواسەکانی ئۆتۆنۆمیی کورد بەوە دەستیان پێکرد کە ئیدریسی بەدلیسی زۆربەی میرە کوردەکانی هێنایە ناو خانەی عوسمانییەوە. بەهەرحاڵ، وەک پێشتر باس کرا، سوڵتان سەلیمی یەکەم ئیمارەتە کوردییەکانی دروست نەکرد، بەڵکوو بە نێوەندگیریی بەدلیسی دەسپێشخەریی هاوپەیمانییەکی کرد لەگەڵ چینی کەسایەتی و دەسەڵاتدارانی کورددا. ڕاستییەکەی دانوستان کردنی ئەو لەگەڵیان و ئیمتیازی تایبەت پێدانیان بەڵگەیەکە بۆ بوون و دەسەڵاتیان لەپێش سترۆکتوور و پێکهاتەکانی عوسمانیدا و ئەمان - واتە عوسمانییەکان - وەک چۆن لە بەش و پارچەکانی تری ئیمپراتۆرییەتی ئیمپرتۆرییەتدا کردیان، زیرەکانە تێکەڵ بە جەستەی سیاسیی ئیمپراتۆرییتیان کردن. کەسایەتی و دەسەڵاتدارە ناوخۆییەکان لە زۆر بەشی ئیمپراتۆرییەتدا بۆ چەندین پشت هێز و دەسەلاتی خۆیان هێشتەوە.

لە حاڵەتی کوردستاندا، لە ڕێگەی هاوپەیمانییەکی دژە سەفەوی و سوودبەخش بۆ هەردوو لا، ژمارەیەکی بەرچاوی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی کورد ڕازی بوون بچنە ژێر ڕکێفی سوڵتانی عوسمانییەوە، لەبەرانبەر پاراستنی سەربەخۆییاندا. ئەوان هەر هەموویان لە ناوچەکانی سنووردا نەبوون. ئەوان سەرباری هەڵکشان و داکشانی دۆخی باش و پڕ ئیمتیاز یان

ئۆتۆنۆمییان، لەگەڵ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵ و ژمارەی ڕوو لە کزییان کە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەردەوام دەبێت.

بە بێگومان، دانپیانانی سوڵتان بە دەسەڵاتیاندا "یارمەتیدەر بوو بۆ جێگیر کردن و پتەوکردنی هێز و دەسەڵاتیان" (ئویزئۆغلوو، ١٩٩٦: ٢٤)، هەروەها "پێگەی ئەم 'میرانەی' چەسپاند و پتەوی کرد لەبەرانبەر ڕکابەر و ڕەعییەتەکاندا" (هۆستۆن، ٢٠٠٧: ٤٠٩)، لەکاتێکدا کە ڕووبەری گەورەی زەوی و خاکی خستە ژێر دەسەڵاتی ئەستەمبوولەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەیە ئەگەر خوێندنەوە بۆ مێژووی میرنشینە کوردییەکان بکرێت وەک کاردانەوە بۆ سیاسەتەکانی سەفەوی و عوسمانییەکان، یان مانەوەیان لەئەنجامی لاوەکیی ڕکابەریی ئیمپراتۆری یان وەک بەشێک لە سازش و چارەسەری کێشەی ناوچە سنوورییەکان. ئەم چەشنە کورتکردنەوە و بەناوەندی کردنەی تورکی و ئێرانییە لە خوێندنەوەی مێژوودا بۆ گرووپگەلێکی وەکوو کورد، وەک هەندێ لە توێژەران سەرنجیان داوە لە حاڵەتی تردا، تەنها "هاوکێشە و گونجاندنە و دروستکردن و بەگەڕخستن و دەستپێشخەری کردن یان کۆنترۆڵ کردن نیە" و مامەڵەی کاڵا و شمەکیان لەگەڵ کردوون نەک بابەت یان تەنها وەک داشی دامەی گەمەکردنی ئیمپراتۆری مامەڵەی لەگەڵ کردوون.

ئەم چەشنە دید و تێڕوانینە نەک هەر نکوولّی بریکاریی کورد دەکات لە دروستکردنی مێژووی خۆیاندا، بەڵکوو بێدەنگ کردنی ئەم بریکارییەش پەراوێزکەوتنی مێژوویان و "ڕۆلیان وەک بریکارانی ئەقڵانیی کاریگەر" دیاری دەکات (ووندەر و هامالاینن، ١٩٩٩: ١٢٣٢ - ١٢٣٣).

گەورەترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕۆڵە مانەوەی بنەماڵە دەسەڵاتدار و حوکمڕانە کوردەکانە، سەرەڕای هەوڵ و کۆششە سەرومڕەکانی دەسەڵاتدارە عوسمانییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە حوکمیان بەدرێژایی چەندین سەدە. بەرگری کردنیان بۆ هەوڵی عوسمانییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخی میراتگرییان تەنها هەر کاردانەوەیەک نەبوو بۆ تەنزیمات، وەک چۆن مێژووناسیی عوسمانیی ئاسایی دەخوازێت باوەڕی پێبهێنین، بەڵام بەرهەڵستییەک بۆ پاشا عوسمانییەکان دەیەوێت ئەم ڕۆڵە و ئۆتۆنۆمیی کورد کۆتایی پێبهێنێ. بەم پێیە، یەک لە دەرنجامە هەرە گرنگەکانی هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان دیارنەمانی ئەم ڕۆڵەیە کەوا بریکاری کورد لە ماوەیەکی درێژ و بەرچاودا مێژووی خۆیان دروست بکەن.

کاتێ کەوا حوکمیان کۆتایی هات، ئەریستۆکراتییەتی کوردی بە شێوەی جۆراوجۆر تێکەڵ بە سترۆکتوور و پێکهاتەی سیستەمی کارگێڕیی عوسمانی بوون. زۆرێک لە ئەریستۆکراتە پلە خوارترەکان کوردستانیان جێهێشت و تێکەڵ بە سیستەمی کارگێڕیی عوسمانی بوون. بۆ نموونە، عەبدوڵڵا بەگی حاکمی پاڵوو ناونیشانگەلی چەشنی *ڕیکابی هومایۆنیی قاپیچی باشی* (واتە فەرمانبەری 'یان ئەفسەری' کۆشکی ئیمپراتۆریی) پێدرابوو لەگەڵ *عەسکەریی ڕەدیف بینباشیسی* (مێجەری هێزەکانی یەدەکی سەربازی). کاتێکیش کە حکومەتی ناوەندی پێگەی میراتگرییەکەی هەڵوەشاندەوە بە *مودیری* ناحیەی پاڵوو دایمەزراند و دواتر کردی بە *قایمقامی* قەزای حوسنی مەنسوور (گویندۆغان، ٢٠١٤: ١٦٥).

ئەم چەشنە دامەزراندنانە ڕێگەی کردەوە بۆ ئەوەی کە ناوی لێنرا "سیاسەتی کەسایەتییەکان"، کە دواتر وا کەوتەوە کە باڵ بکێشێت بە سەر سیاسەتی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ساڵانی دواتری پاش عوسمانیدا. بەهەرحاڵ، ئەمە ئاماژەش بوو بۆ ئەریستۆکراتەکان کە تەنها ڕێگە بۆ دەستەبەر کردنی هەندێ فۆرمی هێز و دەسەڵات هەماهەنگی و هاوکاری بوو لەگەڵ دەوڵەت یان بەشێکی.

بێجگە لە ئاوێتە کردنی کەسایەتییە ئاست خوارترەکان، کەسایەتییە دەسەڵاتدار و حوکمڕانەکانی کوردستان، وەک ئەندامانی بنەماڵەکانی بابان، بۆتان، هەکاری و سۆران دوورخرانەوە بۆ تاراوگە و لە خاک و وڵاتی خۆیان دابڕان. ئەمە پێشینەیەکی دارشت کە دواتر لە سەردەمی کۆماریشدا دووبارە دەبووەوە.

هەڵبەت دوورخستنەوەکانیان بۆ تاراوگە بە شێوەیەکی بنەبڕ کۆتایی بە حوکمی میراتگریی کورد هێنا لەو خاک و ناوچانەی کە حوکمیان دەکرد. بەڵام ئەوە وای نەدەگەیاند کە دۆخی دەستەبژێرییان تەواو ببێت. حاڵەتە باوەکانی بابانەکان و بەدرخانییەکان لەم ڕووەوە تێڕوانینێکی تەواو دەداتە دەستەوە. لەدوای گەڕانەوەی بەدرخان لە تاراوگەوە، بەدرخانییەکان، بۆ نموونە، کەوتنە ئەوەی کە زۆر لێزانانە خۆیان تێکەڵی دەستەبژێری عوسمانی بکەن و ئەمەش ژمارەیەک ئیداریی بەرز و مامناوەندی لێ بەرهەمهات.

بە هەمان شێوە بابانەکانیش بوون بە بەشێک دەستەبژێری عوسمانی و دواتریش کۆماری. خودی بەدرخان بەگ خۆی، پێکەوە لەگەڵ خێزانە فراوانەکەی، نێردران بۆ کاندیا لە دوورگەی کرێت.

لە پاش ماوەیەکی سەخت و ناڕەحەتی، مووچەیەکیان بۆ بڕییەوە و لە ساڵی ١٨٤٨دا بە هۆی خزمەتکردنیەوە لە دوورگەی کرێت بانگهێشت کرا بۆ کرێت و نیشانێکی مەجیدیی پلە چوار و پایەی *میری میرانی* پێبەخشرا، کە پلەیەکی مەدەنییە و هاوتای پلەی فەریقی سەربازییە (سورەبیا، ١٩٩٦: ٣٦٠/٢). ئەوجا لە پاش دە ساڵ نیشتەجێ لە ئەستەمبووڵ لە ژێر چاودێریدا گواسترایەوە بۆ دیمەشق و لە ساڵی ١٨٦٧دا لەوێ کۆچی دوایی کرد و لە دوای خۆی بیست و دوو کوڕ و بیست و یەک کچی بەجێهێشت.

ئیدارەی عوسمانی زۆر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە نەوەی بەدرخان هیچ پەیوەندییەکیان نەمێنێت بە زەوی و خاکی باوباپیرانیانەوە و نەتوانن تێیدا دەرکەون وەک خاڵێکی کۆبوونەوەی کوردان[٣٧]. بێجگە لە ژمارەیەکی کەمی بەدرخانییەکان کە دواتر ڕۆڵی بەرچاویان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا، زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەکە یان بێدەنگ کران و تێکەڵی بنەماڵە ئەریستۆکراتە جۆراوجۆرەکانی تر بوون لە هەموو لایەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یان توانەوە لە ناو دەستەبژێرە دەرکەوتووەکانی کۆماری یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا[٣٨].

نووروڵڵا بەگی هەکارییش، کە دوورخرایەوە بۆ هەمان دوورگە و بە هەمان شێوە هەموو پەیوەندییەکی لێ قەدەغە کرا بە خاک و وڵاتی

ڕەسەنیەوە، پلەی *دەرگاھی عالیی قاپیچی باشلغی* پێدرا و دواتر لێخۆشبوونی بۆ دەرچوو و زیادەیەکیش خرایە سەر مووچە کەمەکەی[٣٩].

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، تەنها خێزانی دەسەڵاتداران ڕێگەیان پێدەدرا کەوا چەردەیەکی کەمی داهاتی ئەو زەوییانەیان بۆ بگەڕێتەوە کە لەدەستیان دەرچووبوو[٤٠]. ئەو کەسیاتی و دەسەڵاتدارانەی کەوا، بەپێچەوانەی نووروڵڵا و بەدرخان، هاوکاری و هەماهەنگییان کردبوو لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوڵەتدا خۆیان پێ دەرباز نەکرا لە دوورخستنەوە. بۆ نموونە، شەریف بەگی مووش، سەرەڕای جیابوونەوەشی، کەچی دوورخرایەوە بۆ دیمەشق بەڵام دواتر ڕێگەی پێدرا بۆ بەدەستهاتنی داهاتی لە *یورتولوک - ئوجاکلکی* زەوییەکانی، هەرچەندە دۆخی یاسایی زەوی گۆڕاوە[٤١].

بە هەمان شێوە، سلێمانی کرا بە *سەنجەقێکی* ئاسایی ئاسایی و سوپایەکی ئاسایی لە ناوچەکەدا دامەزراوە[٤٢]. بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لە بەردەمی ئەوەی کە عوسمانییەکان پێگە و پۆستی کارگێڕیی بەرز بسپێرن بە ئەندامانی بنەماڵەی بابان. بۆ نموونە، ئەحمەد پاشای بابان، لەپاش دوورخستنەوەی ماوەیەکی کورت بۆ ئەستەمبووڵ، کە یەکمجار مووچەیەکی کەمی دەدرایە، لەگەڵ نێردەی عوسمانیدا نێردرا بۆ پاریس و لەوێ ماوەی دوو ساڵ و نیو مایەوە (ئەتماکا، ٢٠١٩: ١١). هەروەها دواتر وەک *بەگلەربەگیی* (والیی) یەمەن (١٨٥٥ - ١٨٦٤)، *موتەسەڕیف* (حوکمڕانی) وان (١٨٦٥) دانراوە، لە ئەیلوولی ١٨٦٥یش بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی *وەزیر* و جارێکی تر کراوەتەوە بە والیی یەمەن. دوو ساڵی دامەزراندنیشی

لە والێتیی ئەرزڕووم و حەڵەب و ئەدەنەدا بەسەربردووە، کە لەمی دواییاندا ساڵی ١٨٧٥ کۆچی دوایی کردووە. سیجللی عوسمانی ئەوەی تۆمارکردووە کەوا خالید پاشای کوڕی بووە بە باڵیۆزی عوسمانی لە تاران و مستەفا پاشای براشی بووە بە والیی بەسرە (سورەییا، ١٩٩٦: ١/ ٢٠٤).

چەندین کەسی تر لە ئەندامانی بنەماڵەی بابان پلە و پایەی بەرز و دیاریان لە دەوڵەتی عوسمانی و تورکیای کۆماریدا پێسپێردراوە، لەکاتێکدا کە هەندێکی تریان بۆ پێگەی دیار بەرزبوونەتەوە لە عێراقدا.

لەناوبردنی حوکمی میراتگریی کورد وایکرد کە مۆرکی ناوچەیی بدرێتە دەسەڵات بەسەردا شکان کە پێویستی بە نەخشەکێشانی سنوور و دیاریکردنیتی. لەبەرئەوە، هیچ ڕێکەوت نەبوو کەوا بەدرخان و کۆتایی هاوپەیمانێتییەکەی هاوکات بوو لەگەڵ ئیمزاکردنی پەیماننامەی ئەرزڕوومی ساڵی ١٨٤٧دا، کە زەمینەی خۆشکرد بۆ چارەسەری کێشەی سنوور لەگەڵ ئێراندا. دیاریکردنی سنوورەکان ئاسانکاریی بۆ بەرفراوان کردنی تەنزیمات ڕەخساند لە کوردستاندا.

هەڵبەت لە ڕێگەی دابینکردنی چوارچێوە دانان بۆ دەسەڵاتدارانی کورد لە ناو قەڵەمڕەوی عوسمانیدا و تەواوکردنی مەسەلەی سنوورەکان ڕووبەرێکی گەورە و تەواوی مانۆڕی بۆ نەهێشتنەوە. بە دوای ئەمەشدا یەکەی کارگێڕیی نوێ و باج و سەرباز گرتنی زۆرەملێی جەماوەری کوردی لێکەوتەوە لە خزمەتی ئیمپراتۆرییەتدا[٤٣]. پێشتر بە سەربازگرتنی بەکۆمەڵی زۆرەملێ پەیڕەوی نەدەکرا. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەم کارە پڕمەترسییە، ئەستەمبوڵ سیستەمی تیروپشکی داهێنا (قورە یان قورعە)

کە با ئامادەبوونی "قورە مەجلیسی" (یا ئەنجومەنی تیروپشک) بەڕێوەدەچوو بۆ دیاریکردنی سەربازگیرییەکە (چادرچی، ١٩٨٥).

وەک ڕاپۆرتێکی عوسمانی باسی دەکات، کەوا کوردەکان، وەک ئەوانەی *قەزاکانی* پاڵوو و شێرۆ کە تا ئەو دەمەش بەهرەمەند بوون لە دۆخی *یورتلوک - ئوجاکلیک*، بەرهەڵستیی "سیستەمی بەسوودی سەربازگیریی زۆرەملێیان دەکرد"[٤٤]. بەهەمان شێوە، ناحیەکانی ماردین بەرگرییان کرد تا ئەو ئاستەی هێز نێردرایە سەریان بۆ سەپاندنی سیاسەتی سەربازگیریی زۆرەملێ[٤٥]. هەر بەو ڕەنگەش، گوندەکانی جەزیرە بەزۆر ناچار کران خۆ ڕادەستی سەربازگیریی زۆرەملێ بکەن و (باجیش بدەن)[٤٦].

لەکاتێکدا کەوا ئەریستۆکراتییەتی کورد و هاوپەیمانە سروشتییەکانی، کە خێڵە کۆچەرەکان بوون، زۆر بەتوندی بەرگرییان لە سەربەخۆیی ناجێگیری خۆیان دەکرد و نەیاندەویست بکەونە ژێر حوکمی دەرەکی و نامۆوە و پێدەچێت ئەو خەڵکانەی کەوا بە هەرەوەزی و پشک زەویوزاریان دادەچاند، *مەرابە* *maraba*، کە بەشێکی گەورەی بەرهەمهێنەرانی کشتوکاڵیان پێکدەهێنا، وادیارە سوودمەند بوون لە نەمانی *میرەکان*. بێگومان *میر و بەگەکان* خاوەنی ڕووبەری بەرفراوانی زەویوزار بوون کەوا جووتیارانیان ناچار دەکرد بە ڕێژەی دەیەکی بەروبووم یان کرێ بیانکێڵن و بەروبوومی کشتوکاڵییان تێدا بەرهەم بێنن (گویندۆغان، ٢٠١٤: ١٦٥ - ١٦٦).

کاروباری تەنزیمات (واتە چاکسازی کە لە ساڵی ١٨٣٩وە دەوڵەتی عوسمانی کەم و زۆر دەیویست جێبەجێی بکات - وەرگێڕ) وادیارە ئیمتیازی

حوکمی ئەریستۆکراتییەتی کوردی نەدەهێشت و جووتیارانی ڕزگار کردبوو لە ستەمکاریی جۆراوجۆری بەگەکان وەک ناچار کردنی جووتیاران بە کاری بێگاری *corvée* و هەرەوەزی و خستنیانە ژێر باری قەرزەوە لە ڕێگەی فڕوفێلی جۆراوجۆرەوە، بە سەپاندنی باج و سەرانە (یان جزیە) وەرگرتن لە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەی وەک کریستیانەکان و یان هەر ستەمکارییەکی تر کە هەندێ جار پەنایان بۆ دەبرد دژ بە خەڵکە ناوخۆییەکەی ژێردەستیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگە ناوخۆییەکە ڕاستەوخۆ دەیانتوانی بگەنە حوکمڕانەکانیان. بەڵام بە نەمانی *میرەکان*، بەرەوڕووی بەرپرسە عوسمانییەکان بوونایەتەوە کە نامۆ بوون پێیان و ئەو باج وەرگرانەی کە لە شوێنە جیاجیاکانی ئیمپراتۆرییەتەوە دەنێردران و باجی نوێی سەخت و قورسیان دەسەپاند.

بێجگە لەوەش، ئەم کاربەدەستە نوێیانە نەریتی فەرمانبەرانی حکوومەتێکی بچووکیان پەیڕەوی دەکرد و بڕی باجی زۆر قەبەیان دەسەپاند "نەک بۆ پێداویستییە ڕاستەقینەکانی دەوڵەت، بەڵکوو لەپێناوی پاشا چاوچنۆکەکان و دەستوپێوەندەکانیان" ئەو کارەیان دەکرد. *موسەللیمێکی* تازە دامەزراوی "خانی" ئەم شێوازە عوسمانییە نوێیەی حوکمی کوردستانی بەم چەشنە باس کردووە بۆ برانتی کونسوڵ: بۆ دەوڵەمەند بوون، وەک نموونەی بەگەکانی کورد، پاڵ بە خەڵکەوە بنێ بۆ یاخیبوون و بەو پێیە "پێویستە خەڵک بە هەژاری بمێننەوە و بیانچەوسێنیتەوە بۆ ئەوەی بە ملکەچی بمێننەوە" (برانت و گلاسکۆت، ١٨٤٠: ٣٦١ - ٣٦٣).

ڕاستییەکەی، لەناوبردنی حوکمڕانەکانی میراتگری، کە وەک لەنگەرگری خەڵکەکەیان و نێوەندگیری نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە ڕەفتاریان دەکرد، لە مەودایەکی دووردا ناوچەکەیان لەڕووی ئابوورییەوە بێبەش و هەژارتر کرد.

وەک وەلی یادرگی مشتومڕی لەسەر دەکات مشتومڕی لەسەر دەکات، کەوا دەستبەسەرداگرتنی زەوی و مڵکە گەورەکانی بنەماڵە دەسەڵاتدارە کوردەکان "دەرەنجامی بێسوودی هەبوو بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ لە کوردستاندا و ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە ئەم ناوچەیە کەمتر کاریگەر بوو بە جووڵە و هاندانی بازاڕی جیهانی بۆ بازرگانیی کردنی کشتوکاڵی لە چوار دەیەی دواتردا". ئەمەش بەهۆی خراپ ئیدارەدانی زۆربەی ئەو زەوییانە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەوڵەت بۆ ئەو کارە دایدەمەزراندن و هەروا بە نەکێڵراوی بەجێدەمان، دووەمیش، بە هۆی هەژاری و دەستکورتییەوە جووتیارەکان توانایان نەبوو بەروڕووی پێداویستیی بەڕێوەبردنی کێڵگە بچووکەکانیان دابین بکەن لە بەرانبەر بازاڕی جیهانیی بەرفراواندا.

بە لەناوبردنی میرنشینە کوردییەکان دۆخی ئاودێری تووشی بارێکی داڕووخانی خراپ هات و هەژاری و نەبوونی باڵیان کێشا بەسەر گوندەکاندا (یادرگی، ٢٠١٧: ١١٢ - ١١٣). لە نێو ئەو دینامیکانەدا کە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە کەوتە بەر کاریگەریی هێرشە سەربازییە وێرانکەرەکانی تەنزیماتی پاشاکان و حوکمی میراتگریی کوردی کۆتایی پێهێنا نەمانی ئارامی و ئاسایش و لەئەنجامیشدا کزبوونی بازرگانی و جالاکییە

پەیوەندیدارەکان بوو، کە لە داتەپینی داهاتی گومرگدا خۆی دەبینییەوە لە کوردستانی عوسمانیدا.

یادرگی بە شێوەیەکی قەناعەتبەخش ئەوە دەخاتەڕوو کەوا هێرش و پەلاماری بەرفراوانی سەربازی و ئەو وێرانکارییەی بەرپای کرد و بەدوایدا بوو بە هۆی هەڵتەکاندنی باری دیمۆگرافی کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی ناوچەکەی بێبەش کرد و زەمینەی خۆشکرد بۆ پاشەکشەی گەشەکردن (یادرگی، ٢٠١٧: ١٣٣).

جێگرتنەوەی ئەریستۆکراتە کوردەکان و شوێنکەوتووە چەکدارەکانیان بە هێزە نیزامییەکانی حکوومەت هەلی ڕەخساند بۆ حکوومەتەکان کە چاودێری و توانای کۆنترۆڵ کردنیان زیاد بکات و ئەمەش ئاسانکاریی کرد بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بکەونە ژێر دەسەڵاتی دارایيو کارگێڕی و یاسایی حکوومەتەکانەوە. بۆ نموونە، لە هەکاری، هێزە ئەلبانییەکانی عوسمانی بۆ هات و ئەحمەد عیززەت پاشای والی (حاکم) لە شوێن و ڕێگەی نووروڵڵا بەگ نیشتەجێ بوو و حوکمەکەی پاڵی بە چاودێرێکەوە نا ڕایبگەیەنێت کەوا "تەواوی ئەم وڵاتە، بۆ یەکەمجارە کە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بابی عالی" (لایارد، ١٨٥٢: ٣٨٣).

بە لەدەستدانی *میر و بەگەکان*، کۆمەڵگە لۆکاڵییەکە هەموو جۆرە پارێزگارییەکی لەدەستدا لەبەرانبەر تەنانەت نزمترین کاربەدەستاندا، کە بە دروشمی "من خۆم دەوڵەتم ben devletim - l'état, c'est moi" (پەندەکە لەبنەڕەتدا لە زمانی فەرەنسییەوە وەرگیراوە - و) ڕەفتاریان دەکرد و

قۆناخێکی نەمانی دەسەڵات و ستەمکاری دەستی پێکرد، کەوا خەڵکی کوردستان لەو دەمەوە هیچ ئاسوودەییەکیان نەبینی.

لەشکرکێشییە توند و دڵڕەقانەکانی محەمەد ڕەشید و حافز پاشا بە شێوەیەکی کاتی نیزام و ئاسایشیان بۆ ناوچەکە گێڕایەوە و تاڕادەیەک و تاڕادەیەک ژێرخانی ئابوورییان باش کرد و ڕێگەی سامسۆن - دیاربەکر و چەند شارۆچکەیەکی نوێیان دروستکرد وەک مەلاتییە و مەزرە (دواتر ناوی گۆڕا بۆ ئێلازیغ) لە نزیک خەرپووتەوە بێجگە لە ژمارەیەک تەلاری حکوومییش (ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٣٣).

لە کاتی دروستکردنی بینا حکوومییە نوێکاندا وەک هێمای دەسەڵاتدارێتیی بەهێزی حکوومەت، دەسەڵاتدارانی عوسمانی جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە زۆربەی قەڵا و کۆشک و تەلاری تایبەت بە کەسایەتی و دەسەڵاتدارە کوردەکان برووخێنرێن[٤٧] (لایارد، ١٨٥٢: ٥٠ - ٥٤)، بەو پێیە کوردستانیان بێبەش کرد لە مۆنۆمێنت و یادەوەری و کەلەپوورە مێژووییەکانی.

ئەمانەی کە دروستیان دەکرد قەڵا و نیشتەجێی *میر و بەگەکان* نەبوون کە لەومەدوا پرۆژە و نمایندەی دەسەڵات بن، بەڵکوو خانووی حکوومی (*حکوومەت قۆناغی* - خانە یانماڵی حکوومەت) بوون و *قایمقامێکیان* تێدا دادەنیشت کەوا بە زمانێکی نامۆ قسەی دەکرد و نوێنەرایەتیی دەسەڵاتیکی دووری دەکرد. لەکاتێکدا کە قەڵا و کۆشک و خانووەکانیان دەڕووخاند، پاشا عوسمانییەکان دەستیشیان بەسەر گەنجینەکانی میرە کوردەکانیشدا دەگرت[٤٨].

ئەمانە تێكدان و شێواندنێكی بێمەبەست یان زیانی لاوەكیی هێرش و لەشكركێشییەكان نەبوون. ئەم كارە سیستماتیكانەی دابڕینی تەلاسازییە كار و جموجوولێكی حیساب بۆكراو بوون مەبەستیان بچڕاندنی پەیوەندییەكی گرنگی نێوان یادەوەریی مێژوویی و گەل بوو. وەك ڕۆبەرت بێڤان تێبینیی دەكات كەوا لەناوبردنی بەجێماوە شوێنەواری و كەلەپووریی گەل یان نەتەوەیەكی دوژمن ڕێگەیەكە بۆ زاڵبوون و تۆقاندن و دابەشكردنی یان بەتەواوی سڕینەوە و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی (بێڤان، ٢٠١٦: ١٨).

ئەم پرۆسەیە دەست بە دەست ڕۆیشت لەگەڵ دوورخستنەوە و قەدەغە خستنە سەر كەسایەتی و دەمڕاستانی كورد بۆ دامەزراندنی هەر پەیوەندییەك لەگەڵ كوردستاندا.

بێگومان دەستبەسەرداگرتنی گەنجینە و ماڵ و مڵكی كەسایەتی و وەجاخزادەكان كاریگەرییەكی ڕووخێنەری هەبوو لەسەر پاشەڕۆژی كۆمەڵگەی كورد. گواستنەوەی ئەم سەرمایەیە لە كوردستانەوە ڕێگەی لە كەڵەكەبوونی سەرمایە گرت و ئەو دەرەنجامانەشی كە بە سوود بۆ خەڵكەكەی دەگەڕێتەوە. وەك مایكڵ ئەپەڵ مشتومری لەسەر دەكات، كەوا لەناوبردنی میرنشینە كوردییەكان و ئەو داڕووخانەی كە بەدوایدا هات لە ئاسایش و ئارامیی گشتیی ناوچەكان بوو بە هۆكاری تێكچوون و داتەپینی شارەكان كە دەبوو گەشە و بووژانەوەی زیاتریان بەخۆوە ببینیایە وەك مەڵبەندی تایبەت بە ئیمارەتەكان و بازرگانی و بووژانەوە.

لەناوبردنی میرەكان و داڕووخان و پاشەكشەی شارەكان ڕێگەیان لە پەیدابوون و دەركەوتنی بۆرجوازییەتێك گرت كە دەكرا چاودێری و

سەرپەرشتیی پەرەسەندنی ئەدەب و زمانی "بەرزی" کوردی بکات (ئەپەڵ، ۲۰۰۸: ۲۵۹).

ئەم هەنگاوانە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە هێزی کوردی لاواز کرد لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانەی پەیوەستە بە نیشتمانی مێژوویيان و خۆیانەوە وەک گەلێک. ئەوان سەرباری دەسەڵاتی سنووردار و سنووردارییان ئەو خاک و ناوچانەی کۆنترۆڵیان کردبوو، بەڵام ئیمارەتەکان خاڵێکی کۆکردنەوەی سیمبۆڵیی کوردەکانی پێکهێنابوو و هەستێکی شوناسی بۆ ڕەخساندبوون. چەندین سەدە بوو ئەو میرنشینانە وەک هێما و سیمبۆڵی حوکمی کورد وەستابوون، ئەگەرچی تادەهات زیاتر بەرەو کزی و لاوازی دەچوون. بەڵام دواجار تێکشکاندن و لەناوچوونیان بۆشایی سیمبۆڵیی زۆر گرنگ و گەورەی دروستکرد. بیر و ئایدیای حوکمی خۆکردن و هەستکردنی کورد بە پشت بەخۆبەستن بە کۆتایی هاتنی ئیمارەتە کوردییەکان تێکشکا و زەمینەی خۆشکرد و بناغەی داڕشت بۆ خەبات و تێکۆشانی کورد کە هێشتا هەر بەردەوامە لەپێناوی بەدەستهاتنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیدا.

وەک "ستێفن لۆنگریگ" بە هەست و چاوەڕوانییەکی پاشەڕۆژەوە بۆیدەچێت کەوا هەرچەندە دەرکەوتنی ڕژێمی عوسمانی ناجێگیر و هەر بە دەگمەن و بە ناو لە خاک و ناوچە بەرزاییەکاندا دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکرد، بەڵام "زۆربەی خاڵەکانی کۆبوونەوەی نەتەوەی کورد تێکشکێنرا و لەناوچوون" (لۆنگریگ، ۱۹۲۵: ۲۸٦).

هۆکاری ئەمەش، بەپێچەوانەی کۆمەڵگە ناموسڵمانەکانەوە، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، دەزگا و دامەزراوەکانی خۆیان پەرەپێدا و خۆیان

لە چواردەوری کەنیسە و (پەرستگەکانی جوو یان سیناگۆگە) "نەتەوەییە/ نیشتمانییەکانیان" ڕێکخست، کەچی میرنشینەکان تەنها ڕێکخراوی سیاسی بوون کەوا کوردەکان لەدەوریان ئاڵابوون.

وەک ئەپەڵ مشتومڕی لەسەر دەکات و دەڵێ: "لەناوبردنی ئیمارەتە کوردییەکان، بە خاسییەتی دەرەبەگایەتییانەوە (فیودالی)، ئەگەری هەر کاکڵە و کرۆکێکی لەناوبرد بۆ پەرەسەندن و گەشەکردنی هێزێک کە مەراقی دەسەڵات گرتنی کوردستانی لەسەردا بێت کەوا – لەجیاتیی ئەوەی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ هەلومەرج و گوتارە (دیسکۆرسە) سیاسییە مۆدێرنەکاندا - چوو دەست و پەنجەی نەرم کرد گوتار و ئاگومێنتەکانی ناسیۆنالیستی کوردیدا. بوون و ئامادەگیی هێزێکی لەم چەشنە خەیاڵ و بۆچوونی گەل/ نەتەوەی کوردی وروژاند و پاڵپشتیی کوردە خوێندەوار و ڕۆژئاوا زەدەکانی بۆ خۆی کێشکرد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و بەو پێیە دەکرا ببێتە کرۆکی دەوڵەتسازی و ناسیۆنالیزمی کورد لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم" (ئەپەڵ، ٢٠٠٨: ٢٤٠).

وەک نموونەی بنەماڵەکانی بابان و بەدرخان پیشانی دەدا، لە سەردەمی دواتردا، نەوەی میرە کوردەکان بە سەرکەوتوویی تێکەڵ بوون لەگەڵ دەستەبژێری سەربازیی - بیرۆکراتیی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەر نەیانهێشت جارێکی تر پەیوەست ببنەوە بە خاک و وڵاتی باوباپیرانیانەوە و زۆرێکیان لە ڕێگەی تێکەڵبوونی ژن و ژنخوازییەوە یان هەر بەخوایشت لە ناو کۆمەڵگەکانی پاش عوسمانیدا

توانەوە، بەتایبەتی لە ناو تورکیای کۆماریدا و هەندێکیشیان بەرز بوونەوە و گەیشتنە پلە و پایەی باڵا و دەرکەوتوو.

بەهەرحاڵ، ڕۆشنبیرانی پێشتری ناسیۆنالیزمی کوردی بەهرەمەند نەبوون لە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە سایەی ئەوەی کە بیر و ئایدیای نەتەوەیی کورد بتوانێ ڕەگی خۆی دابکوتێت و پەرە بسێنێت بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی بەهێز" (ئەپەڵ، ٢٠٠٨: ٢٥٦). بە پێیە، دەکرێ بڵێین کەوا لەگەڵ لەناوبردنی ئیمارەتە کوردەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، ئەوە کوردەکان ئەو شەڕە یەکلاکەرەوانەیان دۆڕاند کە دەبوو لە سەروەختی جەنگی جیهانیی یەکەم و دوای ئەو جەنگەش بەرپا بکرایەن، لەسۆنگەی نەبوونی ئەو کەسایەتییە یان ئەو کەسایەتییانەی کەوا کوردستانییەکان بتوانن شوێنیان بکەون و لەدەوریان کۆببنەوە و زۆربەی زۆری کورد خولیا و ئاواتی خۆیان خستە سەر ئەوانەی دواتر بوون بە سەرکوتکار و ستەمکاریان وەک کەمالیستەکان، کە دواجار دەیانخەنە بەر بەرنامەیەکی دوورودرێژی یەک سەدەیی سڕینەوەی کولتووریان کە تا ئێستاش هێشتا لێی دەرباز نەبوون.

ئەو بۆشاییەی کە نەمانی میرنشینە کوردییەکان بەجێیهێشت لە ڕێکستنی کۆمەڵایەتیی سیاسیی کورددا تەنها هەر سیمبۆڵی نەبوو. وەک زۆرێک لە گەڕیدەکان تێبینییان کردووە، کەوا هەڵکشان و دەرکەوتنی بەدرخان یاسا و نیزامی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ئەو خاک و ناوچانەی پێشتر بەناوبانگ بوو بەوەی کە نائارامی باڵی بەسەردا کێشابوون (رایت و برێث، ١٨٤٦: ٣٨٠).

دوابەدوای لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان و نەمانی ئاسایش و ئارامی و ڕاوڕووت و هەڵکوتانە سەر - بە هەردوو دیوی سنوورەوە - و کۆسپ و تەگەرە کەوتە ڕێی بازرگانی و پەرەسەندنی داهاتووی ناوچەکە. بە واتایە بێت، وەک ئایدن و ڤەرهیج بۆیدەچن "لابردنی *میرەکان* سەرکەوتنێک بوو لەبەرانبەر نرخێکی هێجگار زۆردا"، چونکە ئەستەمبوڵ هێندە سەرچاوەی مرۆیی و هێتری لەبەردەستدا نەبوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی هێزەکانی".

سەرەنجام، یاسا و نیزام هەرەسی هێنا تا وایلێهات زۆر گران دەکەوت لەسەر باج کۆبکاتەوە و سەربازگیریی زۆرەملێ بەڕێوەببات. بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو دۆخە پڕ ئاژاوە و شێواوەدا و پاراستنی ئارامی و ئاسایش، ئەستەمبووڵ سەرۆک خێڵەکانی دامەزراند بە بەرپرسی کارگێڕیی ناحیە و قەزاکان. وەک نموونەی قەزای میدیات کەوا کرا بە دوو بەشی خەلیلبەگلی و عیسا بەگلی بۆ هەردوو خێڵی هەڤەرکی و دەکشووری (ئایدن و ڤەرهیج، ٢٠١٢: ٤٠).

هەروەها بە لەناوچوون و هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان پرۆسەیەک دەستیپێکرد کە من لە شوێنی تر ناوم لێناوە سەرلەنوێ بە تایفە و عەشیرەت کردنەوەی کوردستان، کە هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسەی بەناوبانگی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شێخەکان بۆ ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵگەی کوردی. لەناوبردنی "خاڵەکانی لەدەور کۆبوونەوەی" کۆمەڵگەی کوردی و نەتوانینی ئەوەی کە بەتەواوەتی بۆشایی دەسەڵات پڕبکرێتەوە، وایکرد کەوا ئیدارەی عوسمانی پەیڕەویی سیاسەتێکی دوولایەنە بکات بۆ توانادار کردن و بەهێزکردنی کەسایەتییە ئاینییەکان و

سەرۆک خێڵە ئایەخەکان کە ئاست و پلەیان ئەوخوارتر بوو (لە میر و بەگ و کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانی سەردەمی ئیمارەتەکان - وەرگێڕ)، ئەوجا ئەمانەی والێکرد پشت بە گەورەیی و پشتیوانی لێکردنی حکوومەت ببەستن.

بۆ نموونە، لە جێگەیەکی وەکوو ڕەواندز و (شوێنانی تریش) عولەماکان (پیاوانی ئاینی - و) و زۆرێک لە بەگی خێڵەکانی کورد (*Ekrad ve a¸sair beyleri ئەکراد ڤە عەشایەر بەگلەری*) مووچەیان بۆ بڕایەوە و بەپەرۆش بوون بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دەسەڵات کە سەری هەڵدابوو. ئەوجا ڕۆب (یان عەبا، خەرقە)ی شکۆ و ڕێزلێنانیشیان بۆ نێردرا کەوا دەوڵەت وەک سەرۆکی لۆکاڵیی نوێ پۆلێنی کردوون و ڕەزامەندیی لەسەر دەربڕیون. وەک لە نموونەی هەندێک لە سەرۆکەکانی واندا دەردەکەوێت و لە هەندێ شوێنیش ئەم دەسنیشان کردنە هەڕەمەکی و کاتی بوو. سەرۆک خێڵەکان مووچەی کاتییان پێدەدرا یان ئەوەی کە دەکرێ ناوی لێبنرێت پارەی بێدەنگ کردن "تا ئەو کاتەی نەخشەکێشانی سنوور تەواوبوو یان دابەشکردنی خێڵەکان [لەگەڵ ئێراندا] کۆتایی پێهاتبوو"[٤٩].

بەهەرحاڵ، لە شوێنانی تری دوور لە سنووری ئێرانەوە، زۆرێک لەو کەسایەتییانەی حکوومەت وایدانابوو کە لێهاتوویی سەرۆکایەتییان هەیە، کەچی دوورخاونەتەوە بۆ شوێن و ناوچەکانی تری ئیمپراتۆرییەت. ئەم چەشنە مامەڵە توندانە ژمارەیەک دەرەنجامی بێمەبەستی لێکەوتەوە. یەکەم، دەوڵەتی ناوەندی هیچ هۆکارێکی نەبوو بۆ پڕکردنەوەی دەسەڵاتی دادوەری و سەربازی و توانای ئیداری بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی بە هۆی لابردن و دوورخستنەوەی زۆریک لە سەرۆکە لۆکاڵەکان هاتبووە ئاراوە.

بێگومان کەمیی دەسەڵاتە ناوخۆییە دانپیانراوەکان کە توانای دەڵاڵی و نێوەندگیریی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەیان هەبێت لە نێو کەرتە ڕکابەرەکاندا زیاتر بچڕبچڕی کرد. دەرەنجام و لێکەوتەی درێژخایەنی ئەم پرۆسەیەی ناکۆکی و ململانێی ڕوولەزیادی کۆمەڵگە بە زۆری لە ئەنجامی پێکهاتنی خێڵە لاوەکییەکان و ناجێگیریی ڕوولەزیادەوەیە. ئاسەوارە هەمیشەییەکانی ئەم دەرەنجامە ڕاستەوخۆیە کۆتایی میرنشینەکانە کەوا ڤان بروونەسن زیرەکانە وەسفی دەکات "داڕووخانێکی خێرا لە دەوڵەت یان حکوومەتێکی ئاڵۆزەوە بۆ فۆرم و شێوەیەکی زۆر سادەتری ڕێکخستنی سیاسیی کۆمەڵایەتی - وەک ئەگەر ڕێکخستنێکی خێڵەکی هەبێت چەند هەنگاوێک بۆ دواوە پاشەکشە دەکات لە پەیژەی پەرەسەندندا" (ڤان بروونەسن، ١٩٩٢: ١٨١ - ١٨٢، ١٩٣ - ١٩٥).

ئەوە شکاندنی هێزی پێکهاتە سیاسییە بنەڕەتییەکانە کەوا ڕێکخستنی سیاسیی کوردی ناچار کردووە هەنگاوێک بۆ دواوە بنێت لە پەرەسەندنی پێکهاتە سیاسییەکاندا.

داڕووخانی دامەزراوە سیاسییەکانی کورد لە دۆخی پرۆتۆ دەوڵەتەوە (پێش دەوڵەتەوە) بۆ سەرۆکایەتیی خێڵ ناجێگیریی زیاتر کرد بەڵام لە مەودایەک دووردا دەوڵەتی زیاتر توانادار کرد (ڤان بروونەسن، ١٩٩٢: ١٩٣ - ١٩٥). کەڵەکەبوونی ئەم سیاسەتانە و زیادبوونی بێسەروبەری و نەمانی ئاسایش و ناکۆکی و ململانێی کۆمەڵایەتی لە کوردستان وەک ئەوەی کە شێخ عوبەیدوڵڵا سێ دەیە دواتر ئیشارەتی بۆ کردووە کاتێ کە چاوی کەوتووە بە بە ئابۆتی کونسوڵی بەریتانی لە تەبرێز.

کاتێ "ئابۆت" پرسیاری لە شێخ کردووە کە بەرنامەی چی بووە، شێخ ڕوون و ئاشکرا وەڵامی داوەتەوە کەوا "ئاواتی ئەوە بووە کوردستان ڕێکبخاتەوە ... ئەو وای هەست کردووە کەوا ساتەوەختی ئەوە هاتووە کە پێویست بێت هەندێ شت بۆ کوردستان بکرێت" و بۆ ئەو مامەڵە پڕ لە شوورەییەی کە لەگەڵ خەڵکی هەژار و نەخوێندەواردا دەکرێت، ئەوانە کە نە عوسمانییەکان و نە ئێرانییەکان تێیاندەگەن[٥٠].

داڕووخانی خێرای پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کوردستان گەیشتە قۆناخێکی نوێ و دیاریکردنی ئاستێکی نزم لەگەڵ دروستکردنی فەوجە سووکەکانی سوارەی حەمیدی لە سەرەتاکانی ساڵانی ١٨٩٠کاندا. بەدەستهێنانی نازناوی مشتومڕ هەڵگری "باڤێ کوردان" (باوکی کوردان)، ڕژێمەکەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم خێڵەکێتیی کۆمەڵگەی کورد و هێز و دەسەڵاتی سەرۆکە دڵسۆز و ملکەچەکانی پتەوتر کرد. دەسەڵاتدار کردنی سەرۆکە کوردەکان وەک بەربەست و قەڵایەکی قایم دژ بە نەخشە و پلانەکانی ڕووسیا لە ناوچەکەدا و هەڵکشانی ناسیۆنالیزمی ئەرمەنی، ڕژێمی حەمیدی تۆنی زمانی پەیوەندییەکانی داهاتووی دیاریکرد لەنێوان سەرۆک و دەسوەڵاتدارە کوردەکان و ڕژێمەکانی دواتردا، کە بریتی بوو لە خەڵات و بەرات کردن و دڵ ڕاکێشان بۆ ملکەچی و زۆڵێتی و شەڕکردن دژ بە توخم و ڕەگەزە خۆڕاگرەکەی کۆمەڵگەی کوردی، وەک ڕێگەیەک بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە و دینامیکە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگەی کوردی.

جێگرتنەوەی حوکمی ناڕاستەوخۆی بنەماڵە دەسەڵاتدار و حوکمڕانەکانی کورد بەو بەرپرس و کاربەدەستانەی لە ناوەندەوە

دادەمەزران بەشێک بوو لە پرۆسەیەک کەوا دەوڵەتی ناوەندی زیاتر پەل بکوتێ بۆ ناوچە جوگرافییەکانی پەڕی ئیمپراتۆرییەت و یەکخستنی پراکتیزەکردنی دەوڵەت و ناسنامەکان و گەشەکردنی توانای دەوڵەت لە جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتانەی نیازی هەبوو پیادەیان بکات (ماک ئادەم، تارۆ و تیلی، ٢٠٠١: ٧٨).

ئەنجامی سروشتیی ئەم پرۆسەیە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دابەشکردنە کارگێڕییەکان، چاکسازی کردن لە شێوازی نەریتیی مڵکایەتیی زەویوزاردا، نیشتەجێ کردنی زۆرەملێی خەڵکە گەڕۆک و کۆچەرەکان، داهێنانی باجی نوێ و زیادەڕەوی کردن تێیدا و سەربازگیریی زۆرەملێ بۆ دانیشتووانی ناوخۆ کە تا ئەو دەمە نەبووبوون بە سەرباز. پێدەچێت سەیر و سەمەرەترین پەرەسەندن دروستکردنی *ئەیالەتی* (ویلایەتی - و) کوردستان بووبێت، کە پێکهاتبوو لە *ئەیالەتی* دیاربەکر و سەنجەقەکانی وان و مووش و حیاری Heari قەزاکانی جەزیرە و بۆتان و ماردین. ئەیالەتی ناوبراو لە پێنجی دیسەمبەری ١٨٤٧ دروستکرا و لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشێنرایەوە (هاکان، ٢٠٠٧: ٢٥٥ - ٢٥٧؛ کاردام، ٢٠١١: ٣٨٤ - ٣٨٦).

ئەستەمبووڵ کوردستانی بە هەرێمێکی سەرلەنوێ داگیرکراو لەقەڵەمدا، لەبەر ئەوە بە وردی و بایەخەوە کەسانی ئیداریی نوێی بۆ دانا لە پلەی باڵای پاشادا کە یارمەتیدەر بوون لە سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەیراپەڕین و شۆڕشەکاندا و "مێداڵ و نیشانەی تایبەت و نامۆیان پێدەبەخشرا لە پاداشتی داگیرکردنی کوردستاندا"[٥١].

پێکهێنانی ئەم یەکە کارگێڕییە نوێیە واتای ناردنی ئیشارەتێکی ڕوونی دەگەیاند کەوا یاسا و ڕێسای کۆنی بنەماڵە خاوەن ئیمتیازە تایبەتەکانی کورد چیتر نەما و ناوچە و زەوییەکانیان و دانشتووانیان لە ئێستادا خراونەتە کایەی تەنزیماتی "پیرۆزەوە".

## سەرچاوە:

کورد .. کتێبی کامبریج بۆ مێژووی کورد

ئامادەکردنی: حەمید بۆزئەرسلان، جەنگیز گوینەش، وەلی یادرگی
چاپی یەکەم: ٢٠٢١

چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی کامبریج - لەندەن

ناوی بابەت: کۆتایی سەربەخۆیی کورد .. ڕووخاندنی میرنشینە کوردییەکان لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ل ٧٣ - ١٠٣
لێکۆڵینەوەی: سەبری ئەتەش:
The End of Kurdish Autonomy
The Destruction of the Kurdish Emirates in the Ottoman Empire
Sabri Ates
THE CAMBRIDGE HISTORY OF THE KURDS
Edited by:
HAMIT BOZARSLAN, Ecole des Hautes Etudes en Sciences Sociales
CENGIZ GUNES, The Open University
VELI YADIRGI, School of Oriental and African Studies, University of London.

*** سەبری ئەتەش پرۆفیسۆری هاوکارە لە بەشی مێژووی زانکۆی مێتۆدیستی باشوور** Southern Methodist**. پسپۆڕە لە پەیوەندییەکانی عوسمانی - ئێرانی، مێژووی کورد، دوا قۆناخی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، تائیفییەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچە سنوورییەکاندا. دانەری کتێبی** *Tunalı Hilmi Bey: Osmanlıdan Cumhuriyet'e Bir Aydın* **تونالی حیلمی بەگ: بیرمەندی عوسمانی و کۆماری (ئەستەمبووڵ، ٢٠٠٩) و هەروەها**

کتێبی: ناوچە سنوورییەکانی عوسمانی - ئێرانی: نەخشەکێشانی سنوور، ١٨٣٤ - ١٩١٤ (کامبریج، ٢٠١٣).

*The Ottoman - Iranian Borderlands: Making Boundary, 1834 - 1914.* لە ئێستاشدا کار لە کتێبێکیدا دەکات لەسەر شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای ساڵی ١٨٨٠.

# پەراوێزەکان

**تێبینی:** لە چەند شوێنێکی ئەم باسەدا هەندێ وشە و دەستەواژە بە پیتی لار Italic نووسراون، کە یان کوردین یان تورکیی عوسمانین و منیش هەر وەکوو خۆیان دامناون، هەمان شتیش بۆ نووسینی ئینگلیزیی بیبلۆگرافیاکە، کە وەکوو ئەمانەتێک بە هەمان شێوە دانراون و وەرگێڕانە کوردییەکەش لە پاڵیاندایە. بۆ ئاگاداریی خوێنەر - وەرگێڕ.

* ماسکێت musket ئەمە جۆرە تفەنگێکی کۆنی ئەو سەردەمە بووە بە لوولەیەکی کەمێک درێژەوە و هەندێ جار دەمانچەشی پێوتراوە - وەرگێڕ.

١. بۆ گۆڕانکارییەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی ڕژێمی کۆنی عوسمانی لە قۆناخی پێش مۆدێرنەدا لەگەڵ سەرنجێکی تایبەتی بۆ ئێران، کارتۆگرافی (هونەری نەخشە دانان) و ناوچە سنوورییەکان، بڕوانە ساڵزمان، ٢٠٠٤.

٢. محەمەد عەلی پاشا، کە بە کەڤاڵالی و ئەلبانی دەناسرێ، ئەگەری زۆر هەیە کە بنەچەی کورد بووبێت. بە پێی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ شازادە عەبباس حیلمیدا، مێژوونووسی ناوداری میسری عەفاف لوتفی ئەلسەید مەسرووت تێبینیی کردووە کەوا "لەکاتێکدا کە مێژوونووسان وایان باس دەکەن کە لە بنەچەیەکی ئەلبانی بن، عورف و نەریتێکی خێزانی لەو باوەڕەدایە کە بنەچەیان کوردە و لە گوندێکەوە هاتوون بە ناوی ئیلیچ، لە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ و لەوێ بازرگانی ئەسپ و بەرزەوڵاخ بوون" (ئەلسەید مەسروت، ١٩٨٤: ٢٥). بە هەمان شێوە، ئەنوەر زیا کاراڵی مێژوونووسی سەرەکیی کۆماری تورکیا، بێ ناوهێنانی بنەچەی ئێتنیکیی محەمەد عەلی، وا باس دەکات کەوا لە کاڤاڵا لەدایکبووە و مێژوونووسان بەهەڵە وایدادەنێن کە ئەلبانییە. بەڵکوو لە ڕۆژگاری کۆندا باوباپیرانی لە عەرەبکیر دەرچوون (کە پێشتر هەمان ناوچەی ئیلیچ بووە)، وەک ئەو تێبینیی کردووە (کاراڵ، ١٩٩٤: ١٢٥). بۆ نموونە، ڕەنگە بە پێی ئەم زانیارییە، لە مێژوویەکی زۆر دەرەنگتردا، ئەمینە هانمی ژنە بابانەکەی شەریف پاشا، کە لە خێزان و بنەماڵەی خدیوییە، چالاک بووە لە "کورد کادینلەری تەعالی جەمعییەتی – واتە کۆمەڵەی پێشکەوتنی ئافرەتی کورد"، هەروەها خێڵە کوردەکانی سووریا، چەشنی کیکی و کەسایەتی و ناودارە کوردەکانی دیمەشق پەیوەندییەکی نزیکیان بووە لەگەڵ بنەماڵەی خدێویی میسردا (هێننینگ، ٢٠١٨: ٤٠٠، ٤٥٢). ئومێد دەکرێت کە ئەم بابەتە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت لەلایەن مێژوونووسانەوە.

٣. لە باسکردنی شێوازە سەخت و دڵڕەقانەکانی میرە کوردا بۆ چەسپاندنی یاسا و نیزام، ڕیچارد وود تێبینیی کردووە کەوا ئەو "شەڕی لەناوبردنی" جێبەجێ کردووە دژ بە خێڵەکانی یەزیدی (وود، ١٩٦٦: ٩٤).

٤ Wood to Ponsonby, ٢٥ March ١٨٣٧ (Wood, ١٩٦٦: ١١٨).

٥ Wood to Ponsonby, from Revandus Castle, ٣ September ١٨٣٦; from Mosul,
٩). - ١٩ September ١٨٣٦ (Wood, ١٩٦٦: ١٠٥

٦ Wood to Ponsonby, ٢٦ March ١٨٣٧ (Wood, ١٩٦٦: ١١٧ - ١٨)

٧ Wood to Ponsonby, ٢ December ١٨٣٦ (Wood, ١٩٦٦: ١١٣).

٨ PRO.FO ٧٨/٢٧٠٧, Consul Brant's long and detailed 'General Report on Border Provinces'. "ڕاپۆرتی گشتیی لەسەر ویلایەتەکانی سنوور"، کە ڕاپۆرتێکی ورد و درێژە لەلایەن برانتی کونسوڵەوە.

٩. وادیارە هەر زوو ڕێگەی گەڕانەوەیان پێدراوە، چونکە فەرماندەیی قەڵای گرنگی خۆشابیان دەکرد و بەردەوام هێزێکیان ئامادە بووە بۆ بەرگری کردن لە سنوور.

١٠. بەپێی گێڕانەوەی فرەیزەر، لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٣٠کاندا شاری سلێمانی لە ژێر دەسەڵاتی ئێراندا بووە. ئەمەش بە هۆی هەوڵ تەقەلای میرە کۆرەوە بووە بۆ فراوان کردنی قەڵەمڕەوی هەرێمەکەی و شەڕی لەگەڵ حکوومەتی ویلایەتی ئازەربایجاندا بووە. بێجگە لەوەش پەتایەکی تاعوون نیوەی دانیشتووانی شارەکەی کوشتووە و گەلێکیشی پەرتەوازە کردووە و بە شێوەیەکی بەرچاو بابانەکانی لاواز کردووە (فرەیزەر، ١٨٤٠: ١٤٨).

١١ PRO.FO ٧٨/٢٧١٣, Rawlinson to Canning, British Consulate, Baghdad, ١٣ May ١٨٤٥.
ڕاولینسۆن بۆ کاننینگ، کونسوڵییەتی بەریتانی، بەغدا

١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦ هەمان سەرچاوە

١٧ PRO.FO ٧٨/٢٧١٣, Rawlinson to Canning, Sulaimaniyah and Baghdad, ٩ July ١٨٤٥. ڕاولینسۆن بۆ کاننینگ، سلێمانی و بەغدا...

١٨ PRO.FO ٧٨/٢٧١٣, Rawlinson to Canning, Mosul, ١٢ July ١٨٤٥.

١٩ PRO.FO ٧٨/٢٧١٤, Canning to Sheil, Constantinople, ١٢ February ١٨٤٦; and BBA-A-DVN ٩٧/٣٩, ١٨.L.١٢٧٠/١٤ July ١٨٥٤.

٢٠. مەترسیی پاشاکانی عوسمانی ڕەنگە بێ بنەما نەبووبێت. لە بەهاری ١٨٤٦دا و کاتێ بەدرخان پێویستی بە دکتۆرێک بووە، نێردراوە بۆ مسیۆنێرییەکەی دکتۆر ڕایت

لە ورمێ، لە ڕێگەی نووروڵلا و یەحیا خانەوە کە حاکمی ورمێ بووە (ڕایت و برێث، ١٨٤٦: ٣٧٨).
٢١. پی. ئاڕ. ئۆ، ئێف. ئۆ. ٦٥٣/٧٨ برانت بۆ ئێرڵ لە ئەبەردین، ٨ی کانوونی یەکەمی ١٨٤٦. زۆربەی زانیارییەکانی لاپەڕەکانی دواتر پشتیان بە نامەکانی جەیمس برانت بەستووە. باسوخواسە وردەکانی تر ئەوانی کاردام (٢٠١١: ٢١٩ - ٢٥٤) و دۆغانن (٢٠١١: ١٥٣).
٢٢. بۆ کورتەیەکی نامەکە، بڕوانە کاردام (٢٠١١: ٢٣٤) و هاکان (٢٠٠٧: ١٨٣).
٢٣. حاڵەتی پایەبەرزیی بەدرخان لە ناو کەسایەتی و دەسەڵاتدارەکانی کورددا لەلایەن دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانی عوسمانییەوە پشتڕاست کراوەتەوە، ئەوانی کە ئەویان وەک سەرکردەی بەرگریکردن بینیوە لە وان و ڕەواندز. وەک نموونەیەک، والیی (حاکمی) ئەرزرووم تێبینیی ئەوەی کردووە کە هەموو "ئومەرای" کوردستان تەماشای دەمی ئەویان کردووە
(Kürdistan ümerasının cümlesi Bedirhan Bey’in ağzına baktıklarından),’ BOA I. MSM, ٤٨/١٢٢٩, p. ٢٠, Halil Kamili Pasha to Dersaadet, ٥ November ١٨٤٣.
٢٤. لەشکرکێشیی بەدرخان بۆ سەر نەستوورییەکان وا لێکدراوەتەوە کە دژ بە کریستیانەکان بووە. بەهەرحاڵ، باس و گێڕانەوەی لەوچەشنە کورت دەهێنێ لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نزیک و پتەوی نێوان ئەرمەنەکان و خان مەحموود و بە هەمان شێوە بەدرخانیش و باس لە هەماهەنگی و هاوکاریی پێش کوشتارەکە ناکەن لە نێوان نەستوورییەکان و خێڵەکان و میرانی جۆراوجۆری کورددا.
٢٥. شانبەشانی نوێنەرانی بەریتانیا، باڵیۆزی فەرەنسی بەردەوام فشاری لە بابی عالی دەکرد بۆ سزادانی بەدرخان. ئەم میراتە بەردەوام بوو لە ئاگادارکردنەوەی سیاسەتەکانی فەرەنسادا. بەپێی بڕگەیەک نووسراوێک لەلایەن بەڕێوەبەرێتیی هەواڵگریی بەریتانییەوە بۆ جێگری وەزیری دەرەوە، لە ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩١٩دا، مارک سایکس فرانسوا جۆرج پیکۆی ئاگادارکردووەتەوە کەوا " بەنیازە پێشنیازی ئەوە بکات کە ئیمارەتێکی سەربەخۆی کوردی، کە مووسڵیش گرێتەوە، دروست دەکرێت و ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە دەخرێتە ژێر پارێزگاریی بەریتانیاوە". بەڵام پیکۆ ڕەتیکردەوە ئەم پلانە ڕەچاو بکات و وای لەقەڵەمدا کە ئەمە دژ بە بەرژەوەندییەکانی فەرەنسایە و بەم پێیە بێت "فەرەنسا ئەو خەڵکانە دەکاتە قوربانی کە بە شێوەیەکی نەریتی لەلایەن فەرەنسییەکانەوە دەپارێزرێن، وەک کلدانەکان و نەستوورییەکان و .. تاد" (بوردێت، ٢٠١٥: ٥ / ٢٤٥). بەم ڕەنگە، دەکرێ بڵێین کەوا ئایدیای بەجێنەهێشتنی کریستیانەکانی ناوخۆ لە ژێر بەزەیی کوردەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە لە مەسەلەی بڕیاردانی فەرەنسیدا و ئەمەشزۆر گران کەوتەوە لەسەر نەوەکانی گەلی کورد.
٢٦ For a similar view, see Aydın and Verheij (٢٠١٢: ٣٨).
٢٧ BOA I. MSM, ٤٨/١٢٢٩, p. ٢٠, Halil Kamili Pasha to Dersaadet, ٥ November ١٨٤٣.

٢٨ PRO.FO ٧٨/٦٥٤, Brant to Palmerston, ١١ November ١٨٤٦; and Hakan (٢٠٠٧: ١٩٢).

٢٩ BOA I.MSM, ٥١/١٢٩٣, lef. ٩.

٣٠ PRO.FO ٧٨/٧٠٢, Dispatches of Consul Brant, ١٠ April and ٦ May ١٨٤٧; and Hakan (٢٠٠٧: ٢٠٨- .(١١).

٣١. وەک پاداشتێک بۆ هەماهەنگی و هاوکاری کردنی، یەزدانشێر بە موتەسەللیمی جەزیرە دانرا بەلام لە مارتی ١٨٤٨دا ئەستەمبووڵ قایمقامێکی نوێی دامەزراند و "حوکمی" ئەمی کۆتایی پێهێنا. یەزدانشێر دواتر لای خۆیەوە یاخیبوونێکی بەرپاکرد بەڵام بێسوود بوو (کاردام، ٢٠١١: ٣٦٥).

٣٢ PRO.FO ٧٨/٧٠٢, Brant to Lord Covley, ٢٦ June ١٨٤٧.

لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا فەرماندەی هێزەکانی بەدرخان تێلی بەگە. بڕوانە هاکان (٢٠٠٧: ٢٢٤).

٣٣ PRO.FO ٧٨/٧٠٢, Brant to Lord Covley, ٣ July ١٨٤٧.

تەیموورزادە فازڵ بەگی کەسایەتیی ناوداری وان، کەوا خان مەحموود کردبووی بە حوکمڕانی وان، ژێربەژێر لەگەڵ عوسمانییەکاندا هاوکاری و هەماهەنگیی دەکرد.

٣٤ PRO.FO ٧٨/٧٠٢, Brant to Lord Covley, ٣ July ١٨٤٧.

٣٥ PRO.FO ٧٨/٧٠٢, Brant to Palmerston, ٨ July ١٨٤٧; and Kardam (٢٠١١: ٣٣٦).

٣٦ PRO.FO ٧٨/٧٠٢, Brant to Palmerston, ٩ August ١٨٤٧.

٣٧ BOA I.MSM, ٥١/١٢٩٣, lef. ٩. موشیر عوسمان پاشا تێبینیی کردووە کەوا بە هۆی دڵسۆزیی زۆربەی کوردەکانەوە بۆ ئەمان، ئەگەر خان مەحموود و بەدرخان بیست ساڵ دواتریش بگەڕێنەوە ئەوە ئەوان هەر لە دەوریان کۆدەبنەوە. لەبەرئەوە، پێویستە هەر لە تاراوگە بمێننەوە و لە کوردستا دابڕێن و بەمە ئەستەمبوڵ دڵنیا دەبێت کە ئەو مەسەلەیە تەواو بووە.

٣٨. بۆ باسوخواسێکی هەمەلایەنە لەبارەی بنەماڵەی بەدرخانەوە لە قۆناخی دوای ١٨٤٧دا، بڕوانە هێننینگ، ٢٠١٨.

٣٩ BOA.A.MKT.UM ٣٤٣/٨٢, ٠٩.B.١٢٧٥/١٨٥٩.

٤٠. بۆ نموونە، لە پەنجا هەزار قورۆشی داهاتی ساڵانەی ئەو گوندانەی بۆ ئەوان تۆمارکراوە، هەر حەوت کوڕ و کچەکەی ئەولیا پاشای مەحموودی بڕی دوو هەزار و چوارسەد قورۆشیان وەرگرتووە BOA.A.AMD ٨٩/٩٨, ١٢٧٤/١٨٥٨.

٤١ BOA.A.MKT ٢٢٥/٨٢, Kurdistan Valisi M. Esad Muhlis'in yazısı, ١٢٦٥,١١,١٣/ ٢٥ January ١٨٥٠ موخلیس ... .. بە قەڵەمی والیی کوردستان، م. ئەسعەد

٤٢ BOA.A.DVN ٦١/٣٩, ١٢٦٦,٩,١٥/٢٧ November ١٨٤٩; and BOA.A.MKT.UM ١٠/٣٥, ١٢٦٦,٤,٢٤/٦ July ١٨٥٠.

٤٣. ڕیچارد وود لەساڵی ١٨٣٦دا تێبینیی کردووە کەوا "مەبەستی سەرەکیی حکوومەتی تورکی بۆ ملکەچ پێکردن و خستنە ژێر ڕکێفی ئەم بەشانەی ئیمپراتۆرییەت بۆ زیادکردنی داهات بووە، هەروەها بۆ پێویستیی ناونووس کردنی گەنجانی کورد لە ناو هێزەکانیدا و دەبوو شەست هەزار کورد بە سەرباز بگرێت لە ناو سوپاکەیدا هەر کە بارودۆخ ڕێگە بدات" (وود، ١٩٦٦: ٩٥).

٤٤ (kur'a-i ¸ser'iyye usul-ü hasenesi). See BOA.A.MKT.MHM ٢٢/٣٥, ١٢٦٦,٨,٨/٢٠ October ١٨٥٠. قورەی (قورعەی) شەرعییە و ئوسووڵی حەسەنە...

٤٥ BOA.MVL [Catalog no. ١٠٨٦, p. ٨], From the Governor of Commander to Istanbul, Kurdistan and the ٤th Army ١٢.L.١٢٦٧/١٠ August ١٨٥١.
لە والیی (حاکمی) کوردستانەوە و فەرماندەی سوپای چوارەوە بۆ ئەستەمبوڵ ...

٤٦ BOA.A.AMD ٢٢/٦١, ١٢٦٦/١٨٤٩.

٤٧. بۆ سووتاندنی نیشتەجێکانی "هەزرۆ، ئیلیجەک و خینی (هانی) و دوورخستنەوەی بەگەکانیان بۆ ئەدرنە، بڕوانە برانت و گلاسکۆت (١٨٤٠: ٣٦٠ - ٣٦١).

٤٨. لەبارەی گەنجینەی میرە کۆرەوە، بڕوانە وود بۆ پۆنسۆنبی، ٢ی دیسەمبەری ١٨٣٦ (وود، ١٩٦٦: ١١٢).

AMD ٢٩/٥٣, ٢٨,٣,١٢٦٧/٨ June ١٨٥١. A. ٤٩ BOA.

٥٠ PRO, FO ٦٠/٤٤١, Abbot to Earl Granville, Tabriz, ١ October ١٨٨١.

٣/٢٧ April ١٨٤٩. C. MHM ٧/١٦ ١٢٦٥. DVN. A. ٥١ BOA.

## Bibliographyبیبلۆگرافی


- Atmaca, M. (٢٠١٩). Resistance to centralisation in the Ottoman periphery: The KurdishBaban and Bohtan emirates. *Middle Eastern Studies, 55 (4), 519 - ٣٩.*
  بەرگری لەدژی بەناوەندی کردن لە هەرێم و ناوچە پەڕەکانی عوسمانیدا: میرنشینە کوردییەکانی بابان و بۆتان ...
- Aydın, S. and Verheij, J. (٢٠١٢). Confusion in the cauldron: Some notes on the ethnoreligious groups, local powers and the Ottoman state in Diyarbekir province, ١٨٠٠ - ١٨٧٠. In J. Jongerden and J. Verheij (eds), *Social Relations in Ottoman Diyarbekir, 1870 - ١٩١٥* (pp. ١٥ - ٥٤). Leiden: Brill. شڵەژان لە مەنجەڵی کولاندا: هەندێ تێبینی لەسەر گرووپە ئیتنۆئاینییەکان، هێزە لۆکاڵییەکان و دەوڵەتی عوسمانی لە ویلایەتی دیاربەکردا ... لە کتێبی ... پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاربەکری عوسمانیدا ...

- Aziz Efendi (١٩٨٥). *Kanûn-nâme-i Sultânî Li ʿAzîz Efendi: Aziz Efendi's Book of Sultanic Laws and Regulations: An Agenda for Reform by a Seventeenth-Century Ottoman Statesman,* ed. And trans. R. Murphey. Sources of Oriental Languages and Literatures ٩. Cambridge, MA: Harvard University Press.

قانوونامەی سوڵتانی: کتێبی عەزیز ئەفەندی لەبارەی یاسا و ڕێکخستنەکانی سوڵتانییەوە: ئەجێندایەک بۆ چاکسازی لەلایەن پیاوێکی دەوڵەتی عوسمانیی سەدەی حەڤدەوە ... لە کتێبی.. سەرچاوەکانی زمان و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ...

- Badger, G. P. (١٨٥٢). *The Nestorians and Their Rituals.* London: J. Masters. نەستوورییەکان و ڕێوڕەسمیان ...

- Bevan, R. (٢٠١٦). The Destruction of Memory: Architecture at War - Second Expanded Edition. London: Reaktion Books.

تێکشکاندنی یادەوەری: تەلارسازی لە جەنگی دووەمدا ...

- Brant, J. and Glascott, A. G. (١٨٤٠). Notes of a journey through a part of Kurdistán, in the summer of ١٨٣٨. *The Journal of the Royal Geographical Society of London,* ١٠, ٣٤١ - ٤٣٤.

تێبینییەکان لەسەر گەشتێک بە ناو بەشێکی کوردستاندا، لە هاوینی ١٨٣٨دا...

- Burdett, A. L. P. (٢٠١٥). *Records of the Kurds: Territory, Revolt and Nationalism, 1831 - ١٩٧٩,* Vol. ٥. Cambridge: Cambridge University Press. ٥١ BOA.A.DVN.MHM ٧/١٦ ١٢٦٥.C.٣/٢٧ April ١٨٤٩.

تۆماری کوردەکان: خاک و شۆڕش و ناسیۆنالیزم ...

- Çadırcı, M. (١٩٨٥). Osmanlı Impartorlugunda Askere Almada Kura Usulüne Geçilmesi -١٨٤٦ Tarihli Askerlik Kanunu. *Askeri Tarih Bülteni*, Sayı ١٨. گواستنەوە بۆ تیروپشکی (قورعەی) سەربازگیری لە دەوڵەتی عوسمانیدا..

- Çadırcı, M. (١٩٩١). *Tanzimat Döneminde Anadolu Kentlerinin Sosyal ve Ekonomik Yapıları.* Ankara: Türk Tarih Kurumu Basımevi.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی شارەکانی ئەنەدۆڵ لە سەردەمی تەنزیماتدا ...

- Dogan, C. (٢٠١١). Tanzimat'ın Uygulanması ve Han Mahmud Isyanı. *History Studies*, ٣ (٢), ١٤٧ - ٦٢.

  جێبەجێ کردنی تەنزیمات وياخیبوونی خان مەحموود...
- Eppel, M. (٢٠٠٨). The demise of the Kurdish emirates: The impact of Ottoman reforms and international relations on Kurdistan during the first half of the nineteenth century. *Middle Eastern Studies, 44 (2), 237* -٥٨.

  هەڵوەشانەوەی میرنشینە کوردییەکان: کاریگەریی چاکسازییەکانی عوسمانی و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان لە سەر کوردستان لە ماوەی یەکەم نیوەی سەدەی نۆزدەدا...
- Fraser, J. B. (١٨٤٠). *Travels in Koordistan, Mesopotamia, &c. Including an Account of Parts of Those Countries Hitherto Unvisited by Europeans. With Sketches of the Character and Manners of the Koordish and Arab Tribes.* London: Richard Bentley.

  گەشتێک بە کوردستان و میسۆپۆتامیادا بە چەند بەشێکی ئەو وڵاتانەوە کە تا ئێستا سەردانی نەکراون لە لایەن ئەوروپییەکانەوە لەگەڵ سکێچی کەسایەتی و شێوازی ژیانی خێڵە کوردی و عەرەبییەکان ...
- Gencer, F. (٢٠١٠). Merkeziyetçi Idari Düzenlemeler Ba˘glamında Bedirhan Bey Olayı. Unpublished PhD thesis, Ankara University.

  ڕووداوەکەی بەدرخان بەگ لە دۆخ و سیاقی ڕێکخستنەوەی کارگێریی ناوەندیدا ...
- Grant, A. (١٨٤٣). Mountain Nestorians: Letters from Dr. Grant. *The Missionary Herald*, ٣٩ (١١), ٤٣٤ - ٣٧.

  نەستووریيەکانی چیا: نامەکان لە دکتور گرانتەوە ...
- Gündogan, N. Ö. (٢٠١٤). Ruling the periphery, governing the land: The making of the modern Ottoman state in Kurdistan, ١٨٤٠ - ٧٠. *Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 34 (1), 160 - ٧٥.*

  حوکم کردنی پەڕ و چێوە، ئیدارەدانی خاک: دروستکردنی دەوڵەتێکی عوسمانیی مۆدێرنلە کوردستاندا ...

- Hakan, S. (٢٠٠٢). *Müküs Kürt Mirleri Tarihi ve Han Mahmud.* Istanbul: Peri Yayınları. مێژووی میری کورد لە موکوس و خان مەحموود ...
- Hakan, S. (٢٠٠٧). *Osmanlı Arsiv Belgelerine Göre Kürtler ve Kürt Direni¸sleri.* Istanbul: Doz.
  بەرگریی کورد و کورد بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی ...
- Henning, B. (٢٠١٨). *Narratives of the History of the Ottoman-Kurdish Bedirhani Family in Imperial and Post-imperial Contexts: Continuities and Changes.* Bamberg: University of Bamberg Press.
  گێڕانەوەی مێژووی بنەماڵەی بەدرخانی کوردی عوسمانی لە دۆخ و سیاقی ئیمپراتۆری و پاش ئیمپراتۆریدا: بەردەوامی و گۆڕانکاری ...
- Houston, C. (٢٠٠٧). ‘Set aside from the pen and cut off from the foot’: Imagining the Ottoman Empire and Kurdistan. *Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 27 (2), 397 - ٤١١.*
  "لە قەڵەم دوور بکەوەرەوە و لە پێ دابڕێ": تێرامان لە ئیمپراتورییەتی عوسمانی و کوردستان ...
- Jones, J. F. (١٩٩٨). *Memoirs of Baghdad, Kurdistan and Turkish Arabia, 1857.* Reprint. Buckinghamshire: Archive Editions.
  یادەوەرییەکانی بەغدا و کوردستان و عەرەبستانی تورکی، ١٨٥٧ ..Karal, E. Z. (١٩٩٤). Osmanlı Tarihi, Vol. ٥. Ankara: TTK Basımevi.
  مێژووی عوسمانی ...
- Kardam, A. (٢٠١١). *Cizre-Bohtan Beyi Bedirhan: Direni¸s ve Isyan Yılları.* Istanbul: Dipnot Yayınları.
  بەدرخان بەگی جەزیرەی بۆتان: ساڵانێک لە بەرگری و یاخیبوون ...
- Kinneir, J. M. (١٨١٣). *A Geographical Memoir of the Persian Empire.* London: John Murray. یاداشتێکی جوگرافیی ئیمپراتورییەتی وڵاتی فارس...
- Klein, J. (٢٠١١). *The Margins of Empire: Kurdish Militias in the Ottoman Tribal Zone.* Stanford, CA: Stanford University Press.
  پەڕ و پەراوێزەکانی ئیمپراتورییەت: میلیشیاکانی کورد لە کایەی خێڵەکیی عوسمانیدا...

- Layard, H. A. (١٨٥٢). *Nineveh and Its Remains: With an Account of a Visit to the Chaldean Christians of Kurdistan, and the Yezidis or Devil-Worshippers; and an Inquiry in the Manners and Arts of the Ancient Assyrians.* New York: George P. Putnam.
  نەینەوا و ئاسەوارە بەجێماوەکانی: لەگەڵ باسوخواسی سەردانێک بۆ کریستیانە کلدانەکانی کوردستان و یەزیدییەکان یان شەیتان پەرستەکان و تاوتوێ کردنێکی شێوازی ژیان و هونەری ئاشوورییە دێرینەکان ...
- Longrigg, S. H. (١٩٢٥). *Four Centuries of Modern Iraq.* Oxford: Oxford University Press. چوار سەدەی عێراقی مۆدێرن ...
- Maier, C. S. (٢٠٠٦). Transformations of territoriality ١٦٠٠ – ٢٠٠٠. In O. Janz, S. Conrad and G. Budde (eds), *Transnationale Geschichte: Themen, Tendenzen und Theorien* (pp. ٣٢ - ٥٥). Gottingen: Vandenhoeck & Ruprecht.
  گۆڕانکارییە هەرێمییەکان ... لە کتێبی.. مێژووی بان نیشتمانی، بابەت و لایەنداری و تیۆرییەکان ...
- McAdam, D., Tarrow, S. and Tilly, C. (٢٠٠١). *Dynamics of Contention.* Cambridge: Cambridge University Press. دینامیکەکانی پەیوەستبوون...
- Mehmed, H. P. (١٩٩٧). *Sehâhatnâme-i Hudûd, transcribed by Alaatin Eser.* Istanbul: Simurg. سەحاحەتنامەی حدوود، نووسینەوەی عەلائەدین ئەسەر...
- Özoglu, H. (١٩٩٦). State - tribe relations: Kurdish tribalism in the ١٦th - and ١٧th - century.Ottoman Empire. *British Journal of Middle Eastern Studies, 23 (1), 5 - ٢٧.* پەیوەندییەکانی
  دەوڵەت و خێڵ: خێڵەکێتیی کورد لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا ...
- Salzmann, A. (٢٠٠٤). Tocqueville in the Ottoman Empire. Leiden: Brill.
- al-Sayyid Marsot, A. L. (١٩٨٤). *Egypt in the Reign of Muhammed Ali.* Cambridge: Cambridge University Press.

میسر لە سەردەمی حوکمی محەمەد عەلیدا
...
- Süreyya, M. (١٩٩٦). Sicilli Osmani. ٢ vols. Istanbul: Tarih Vakfi Yurt Yayıları. سجللی عوسمانی
...
- Tilly, C. (١٩٨٥). War making and state making as organized crime. In P. Evans, D. Rueschemeyer and T. Skocpol (eds), *Bringing the State Back* (pp. ١٦٩ – ٩١). Cambridge: Cambridge University Press.
جەنگ بەرپاکردن و دەوڵەت دروستکردن وەک تاوانی ڕێکخراو
...
- van Bruinessen, M. (١٩٩٢). *Agha Shaikh and State: The Social and Political Structures of Kurdistan.* London: Zed Books.
ئاغا و شێخ و دەوڵەت: پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستان
...
- von Moltke, H. (١٨٩٣). Essays, Speeches, and Memoirs, Vol. ١. New York: Harper & Brothers. بابەت و گوتار و یادەوەرییەکان...
- Wood, R. (١٩٦٦). *The Early Correspondence of Richard Wood, 1831- ١٨٤١,* ed. A. B. Cunningham. London: Royal Historical Society.
نامە و نووسراوە بەراییەکانیڕیچارد وود ...
- Wright, A. and Breath, E. (١٨٤٦). Visit of Messrs, Wright and Breath to Bader Khan Bey. *The Missionary Herald, ٤٢ (١١), ٣٧٨ – ٨٣.*
سەردانی مێسرس و ڕایت و برێث بۆ لای بەدرخان بەگ
...
- Wunder, J. R. and Hämäläinen, P. (١٩٩٩). Of lethal places and lethal essays. *The American Historical Review, 104 (4),* ١٢٣٢ – ٣.
لەبارەی شوێنەکوشندەکان و وتار و بابەتە کوشندەکانەوە
...
- Yadırgı, V. (٢٠١٧). *The Political Economy of the Kurds of Turkey: From the Ottoman Empire to the Turkish Republic.* Cambridge: Cambridge University Press.

ئابووریی سیاسیی کوردی تورکیا: لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە بۆ کۆماری
تورکیا...

ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی

ناوەندی چاوی کورد بۆ پەرەپێدانی سیاسی

Chawy kurd Center for Political Development

**WWW.CHAWYKURD.COM**